# بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لە (ڕشتەی مرواری و ڕیسالەی دلگوشا) دا

**بوشرا قادر کاکە محمد و محمد دلێر امین محمد**

بەشی کوردی، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:-** ئەم باسە بە ناونیشانی بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لە "ڕشتەی مرواری و ڕیسالەی دلگوشا دا"، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نیوان هەردوو کتێبی پەخشانی "ڕشتەی مرواریی عەلائەدین سەجادی" و حیکایەتی نێو "ڕیسالەی دلگوشای عوبەید زاکانی"، کە خۆی لە حیکایەتە عەرەبی و فارسییەکاندا دەبینێتەوە. تەوەری سەرەکی باسەکە قسەکردنە لەسەر بونیادی گێڕانەوەی ساتیروگاڵتەجاڕانە لە نێو ئەو حیکایەتانەدا، کە هەندێکی بە مەبەستی ڕەخنەگرتنە لە ڕەفتار و کردارە ناپەسەندەکانی ناو کۆمەڵگا، هەندێکی تری حیکمەت و پەنددادانە. لەگەڵ ئەوەشدا بونیادەکە بەهۆی زمانێکی ڕەوان و سادەوە لە هەردوو ئەدەبی کوردی و فارسی دا پێکهاتووە، زۆرینەی خەڵک لێی تێگەیشتوون، بەڵام ئەم تێگەیشتنە نەبۆتە هۆی قبولکردن و وەرگرتنی، چونکە بەشێکی بونیادنانەکە لەسەر بنەمای تابووشکێنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییە، بۆیە هەردوو نووسەر ڕوبەڕووی تانە و سەرزەنشتکردن بوونەتەوە، زۆرجاریش ئەدەبیاتەکەیان بە ئەدەبیاتی لاڕێ و لادەر و بێڕوو لە قەڵەم دراوە و لە زۆرێک لە چاپەکانی ئێراندا بە سانسۆرەوە بەرهەمەکان چاپ دەکرێنەوە.

گرنگی ئەم باسە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، تا ئێستە لە ناو ئەدەبی کوردیدا کەمترین لێکۆڵینەوە لە بارەی گێڕانەوەکانی ناو کتێبی ڕشتەی مروارییەوە کراوە، هاوتا، هیچ باسێکمان بەرچاونەکەوتووە بەراوردی تەنزی گێڕانەوەی نێوان ئەو دوو ئەدەبەی کردبێت، بۆیە پێمان وایە جێی خۆی دەگرێت.

**کلیلەووشەکان-** گێڕانەوەی تەنزئامێز، پەند، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، تابوو.

## پێشینەی توێژینە:

تا ئێستا لە بواری ئەکادیمیدا هێندەی ئێمە بە ئاگابین، توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لە بارەی گێڕانەوەکانی ڕشتەی مرواری نەکراوە، بەڵام لە بواری ئەدەبی پێکەنین و تەنزدا، سێ بەرهەم هەن، یەکەمیان بە ناوی (بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا)، دووەمیشیان بە ناوی (تەنزەئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا- باشوری کوردستان بە نموونەی گۆڤارەکانی "سیخوڕمە، مەلا مەشهورە، گەپ"). سێیەم بە ناونیشانی: (ئەفسانە و پەند کۆمیدی-گاڵتەئامێزی کوردی) لە بەشێکیدا لە تەنزئامێزی پەند و قسەی نەستەقی کوردیی کۆڵیوەتەوە. ( ئەڵوەنی، ٢٠٠٧).

## بەشی یەکەم:
## ناساندن

### ١. ڕشتەی مرواری:

حیکایەتی تەنزئامێز و گێڕانەوەی بە تەوس و پلارە، عەلائەدین سەجادی(١٩٠٧-١٩٨٤) بە هەشت بەرگ لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٥٧-١٩٨٣) چاپی کردووە. مارف خەزنەدار بەم جۆرە لە بارەی ڕشتەوە دەدوێت: ((ئەم کارە بریتییە لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئامۆژگاری بەشێوەی ساتیر و کۆمیدی بە هەوایەکی ڕۆمانتیکییانە نووسراوەتەوە))(خەزنەدار:٢٠٠٦، ٥٧)، دکتۆر عیزەدین بەم جۆرە پەسنی دەکات: ((ئەگەر بگونجێ لە مەیدانی بیروڕووناکیدا وشەی تاسوق بەکاربهێنین، ئەوا ڕشتەی مرواری بەرهەمێکی ئەدەبی تاسوقە..ڕشتەی مرواری زۆرتر دەچێتە ڕیزی گێڕانەوەوە و نووسینەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی فۆلکلۆرەوە))( ڕەسول،١٩٧٠، ١٥٨).

گێڕانەوەی تەنزئامێز بەشێکی ئەدەبی زارەکی کوردی پێکدەهێنێت و بەر لە کتێبی ڕشتە چەند بەرهەمێکی تری گێڕانەوەی تەنزئامێز هەبووە (پیرەمێرد،١٩٧٠) و لە پاش ئەویش بەرهەمی دیکە هەبوون (خاڵ، ٢٠٠٧)، (کەریم، ٢٠١٥) بەڵام گێڕانەوەکانی ڕشتە فراوانتر و هەمە چەشنترن و سەجادی بیری لەوە کردۆتەوە بەشێکی ئەدەبی زارەکی تۆمار بکات، کە نەتەوەکانی تر بە دەیان سەدە پێش ئێمە تۆماریان کردووە. لەسەرەتای بەرگی یەکەمی کتیبەکەدا، لە بارەی خواست و مەیلی خۆی بۆ گێڕانەوەی تەنزئامێز و گرنگی ئەم لقەی ئەدەب دەدوێت، بەهۆی ڕووهەڵماڵراوی گێڕانەوەکانەوە، نوسەر خۆی دەسڵەمێتەوە و دەزانێت ڕووبەڕووی ڕەخنەدەبێتەوە، بۆیە ئاماژە بە چەند کتێبێکی عەرەبی دەدات، کە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەن و ناشبنە جێگای ڕەخنە:

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 8، العدد 4(2022) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n4y2022.pp67-79

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 21 حزيران 2022؛ قُبل في 26 تموز 2022؛ نُشرت في 9 تشرين الأول 2022؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : bushra.kaka@uinivsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2022 بوشرا قادر كاكە محمد و محمد دلێر امين محمد. هذە مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

((کاکی کوردی خۆشەویست! تورە مەبە بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە، میللەت وەکو باخی پادشاهانە، گوڵی چاکیشی تێدایە و هی خراپیش، لەمە گەورەتر کتێبی ئەدەبیاتی عالەمی عەرەبی (اغانی ابو فرجی ئەسفهانی) و (عقد الفریدی ابن عبد ربە)یە، ئەم کتێبانە عالەمی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی دانیان پیا دەنێن کە شاکتێبی ئەدەبن، ئەمە بێجگە لە (المستطرف فی کل فن مستظرف)ی –شهاب الدینی احمدی ابشهی- ئەگەر بە پوختی چاوێک بەوانەدا بخشێنی بۆت دەردەکەوێت ئەوانەی من لەم کتێبەدا نووسیوومن شورەییەکەیان نەگەیشتۆتە شورەیی هەندێ: لەوانەی کە لەوانا نووسراون، ئەم قسانەی ئێرە وەکو شوێنانی تر هەر یەکە دەورێک دەگێڕنەوە؛ هەم ئەدەبە، کە ئەدەب پەردەی ژێری تاک و کۆمەڵ دەگێڕێتەوە، هەم بۆنێکە بۆ دەماخ، کە بۆنی دەماخ لەزەتی ڕوحییە.)) (سەجادی: ب٥، ١٨) هەر خۆیشی ئاماژە دەدات بەوەی ئەم گێڕانەوانەی بیستووە و بڕیاری داوە بینووسێتەوە، بۆیە بە هیچ جۆرێک خاوەنداری گێڕانەوەکان ناکات. سەجادی کتێبەکانی تەنها بۆ گێڕانەوەی تەنزئامێز تەرخان نەکردووە، جارجار، بابەتی دوور لە نوکتە و شۆخییەوە دێتە بەرچاو، کە زیاتر پەراوێزی کتێبی دەستخەتت بیر دەخەنەوە. خوێنەر نازانێت بۆ ئەوانە هاتونەتە ناو کتێبەکەوە بۆ نموونە: لافاوی سلێمانی، تاقیکراوەکانی کوردی، ساڵنامە و ناوی ڕۆژەی هەفتە و مانگە کوردییەکان و چەند شتێکی تر. عەلائەدین سەجادی، حیکایەتەکانی لەژێر ئەم ناونیشانانەدا پۆلێنکردووە: لە باخی گوڵێک، شەکراوی دەماخ، قسەی بە تویکڵ، گەنجی درەخشان، هەندێک لە داستانی ژن، قسەی نەستەق، تاقگەی ئێلاخ، پەندی پیران، وەڵامی بێ وەڵام، کلێشەی ڕژدی. ناونیشانەکان نەبوونەتە جیاکەرەوەی تەواوی حیکایەتەکان، بەڵکو جۆرە تێکەڵییەکی پێوەدیارە، بەڵام هەمووان نیشاندەری وێنای ئەوون بۆ ئەو قسانەی کە لە هەشت بەرگەکەدا بەردەوام جەختی لە گرنگی نووسینەوەیان کردووە.

### ٢. ڕیسالەی دلگوشا:

حیکایەتی تەنزئامێز و نوکتە و گێڕانەوەی بە تەوسە، عوبەید زاکانی (١٣٠٠-١٣٧١ ز)ی نووسەری فارس، بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی نووسیونی و ژمارەیان دەگاتە ٣٥٥ گێڕانەوە، تێیدا بە شێوەی تەنز و گاڵتەپێکردن لە بارەی ژیان و کۆمەڵ و کەسانی سیاسی و ئاینی و هەژار و سادەوە دەدوێت. گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبە هێندە باون کەوتوونەتە ناو چینەخوارووەکانی کۆمەڵ و وەک ڕەخنەی خەندەئامێز بەردەوام دەوترێنەوە. حیکایەتەکان بە زمانێکی کورتبڕی و هەندێکی بە زمانی پەنامەکی و هەندێکی بە ڕاستەوخۆ دوان، کەموکورتی و ناڕێکییەکانی کۆمەڵگای کردوە بە ئامانج، گێڕانەوەکانی دلگوشا، ((کۆمەڵێک حیکایەتی مێژوویی و دڵنشینی سەردەمێکن کە عوبەید تێیدا ژیاوە، خوێندنەوەیان جگەلەوەی خوێنەر بەئاگادەکات لە ڕەفتاری ئەو سەردەمە، شێوەی بۆچوونی کەسانی ڕەندی سەرکەش کە سەرهەڵقەیان عوبەید بووە سەبارەت بە کاروباری ئەو ڕۆژگارە ڕوون دەکاتەوە))(اشتیانی:١٣٨٤، ٢٢)

نەک هەر لەم حیکایەتانەدا، بەڵکو کۆی کارنامەی عوبەید بە پەخشان و شیعرەوە بە نوێنەری ئەدەبی تەنز دادەنرێت لە ئەدەبی فارسیدا؛ ((گەورەترین تەنزنووسی ئەدەبیاتی فارسی لە قۆناغەکانی ڕابردوودا، عوبەید زاکانییە، کە لە پەخشان و شیعرەکانیدا، هێرشی کردۆتە سەر نەریت و خوو و کەموکوڕی و خراپەکاری چینە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز، بۆ نمونە لە هۆنراوەی مشک و پشیلە و ڕەفتاری ماقوڵان))(داد:١٣٨٥، ٢٢٦)، بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا حیکایەتەکان نووسین یان گێڕانەوە؟ دەوترێت: هەندێک حیکایەت و قسەی نەستەقی لە زەیندایە و بە دوو بەش یەکێک عەرەبی و یەکێک فارسی نووسیونی، ناوی ناوە نامەی دلگوشا، بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم پەڕانە دڵی کراوە و دەروونێکی ئاسوودەی هەبێت.(محجوب: ١٣٧٣، ٨٠٧).

### ٣. سەرچاوەی گێڕانەوەکان:

عەلادین سەجادی بۆ نووسینی کتێبەکەی، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمانەی دەماودەم بیستووە و ویستوویەتی وەک ئەدەبی هەر نەتەوەیەک، ئەدەبی کوردیش خاوەنی بەرهەمی نووسراوی خۆی بێت لەم جۆرەی گێڕانەوە، بۆیە ناوی کتێبە عەرەبییەکان دەبات. بەڵام دەشێت پاش بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەم ڕەخنەی لێگیرابێت کەهەموو ئەمانە ڕووداوی ناو کۆمەڵگای کوردی نین، یان پێشتر بیستراون لە کتێبی فارسی و عەرەبییەوە، بەڵام سەجادی دەڵێت: لەبەر ئەوەی کورد بەرهەمی نووسینی نەبووە، بۆیە ئەوەشی لەو ڕوویداوە بە ناوی عەرەب یان فارسەوە ڕۆیشتووە، بۆ نابێت ئەوان لە ئێمە شتیان وەرگرتبێت: ((ئەدەب شتێکی عالەمییە و تایبەت نییە بە قەومێکەوە، دیسان ئەو شتە کە لە عەرەبییەکە، یا فارسیەکەدا نووسراوە بۆچی دەبێت بە لای ئەوەدا نەچن کە بڵێن ئەمە هی ئێمەیەو ئەغلەبەی ئەو زمانانە داپێچریوە بۆ خۆی؟ بۆچ ئەبێت ئەوە بڵێین کە ئەمە هی ئەوانە و لێیانەوە وەرگیراوە؟! لەگەڵ ئەوەشا کە ئێمە لە بەرەبەیانی مێژوومانەوە ئەدەبمان هەبووە، ئەوەندە هەبووە دەستی زۆر نووسینی لێ داگیرکردووین و بەم زمانەی خۆمان نەنووسراوە!)) (سەجادی، ب٢، ٨) لە کاتێکدا لەبەرگەکانی تردا خەڵک گێڕانەوەی بۆ دەنێرن و ئەویش تۆماریان دەکات. بەشێکی گێڕانەوەکان کەسانی هەبووی ناو کوردستانن بە تایبەت ڕۆژهەڵات و باشوور، بە زۆریش لە شاری سلێمانی، بۆیە ئەمانە بەسەرهاتی نێو ژیانی خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستانن، بەڵام هەندێکی تریان لە کتێبە تۆمارکراوەکانی پێشووەوە وەرگیراون. دیارە ئەمە بە هەردوو جۆر دەبینرێت، یەکەمیان ئەو جۆرەیانە کە حیکایەتەکان لە ناو خوێندەواراندا باوبوون، ئەم بە زارەکی وەریگرتوون و دایڕشتوونەتەوە، بەشێکی تری، ڕاستەوخۆ لە کتێبە تۆمارەکراوەکانەوە وەریگرتوون. هەندێکیشی خۆی دیویەتی بە ناوی ڕووداوەکانی ڕابردووەوە لە بەرگی حەوت دا نووسیوونی. پاش سەجادیش، محەمەد شڵماشیش پاشتر لە کتێبی (خەرمان لۆغە) دا بەشێکی گێڕاوەتەوە، کە لە ناو ڕشتەی مرواری و هەر یەک لە کتیبە فارسی و عەرەبییەکانی پێشوودا هەن.(شڵماشی، ٢٠٠٠).

ڕیسالەی دلگوشا، لە ڕاستکردنەوەی **"پەرویز ئەتابەکی"** لە پەراوێز دا (اتابکی، ؟)، سەرچاوەی هەندێک لەو حیکایەتانەی دیاریکردووە، کە پێش زاکانی چ بە شێوەی پەخشان یان مەسنەوی وتراون. بۆ نمونە لە کتێبی سیاسەتنامەی "خواجە نیزامولمولک"، "مەسنەوی مەعنەوی"ی "مەولانا جەلالەدینی ڕوومی"، "موسیبەتنامە"ی "عەتتاری نیشابوری". بەڵام زۆرێک لە توێژەرە فارسەکان لێکۆڵینەوەیان لە بارەی نامەی دلگوشاوە کردووە و سەرچاوەی حیکایەتەکانیان دیاریکردووە و پێیان وایە، کە بەشی زۆری وەرگیراوی پێش خۆیەتی، چ بە شێوەی زارەکی یان بە شێوەی نووسراوی بەرهەمە عەرەبی و فارسییەکان. لەم بارەیەوە مەحمود ئومێدسالار ژمارەیەک گێڕانەوەی دیاریکردووە کە بەرلە زاکانی لە لای چەند کەسی تر هاتووە، لەوانە: ئەبو ئیسحاق قیروانی، ئیبن قوتەیبەیە، ئیبن مەنزور، ئیبن عەبد ڕەبە، ئیبن جوزی، ئیبراهیم بیهەقی، مەولانا جەلالەدینی ڕوومی. بەشێک لە حیکایەتەکانی هێناوەتەوە کە بەرلەو لای سێ یان چوار کەسی تر هاتووە. بەڵام ئومێدسالار وەک دزی ئەدەبی باسی ناکات و ئەمە بە مۆدێلی باوی ئەدەبی پێشین دادەنێت: ((دەقئاوێزانی عوبەید لە ئەدەبی بەر لەخۆی ناکرێت وەک دزی ئەدەبی دابنرێت، چونکە ئەمە مۆدێل بووە و زۆر باو بووە هەم لە ئەدەبی عەرەب و هەم لە ئەدەبی عەجەمی دا، تێڕوانینی

ئەوانی پێشوو بۆ دەقئاوێزان و وەرگرتن و ئاماژەدان بە سەرچاوە زۆر جیاواز بووە لەوەی ئێمە ئێستا بڕوامان پێیەتی، بەدەر لەمە وەک پێشتر باسکرا حیکایەتەکانی عوبەید و ئەوەی لە کتێبی نوسەرانی پێشینەوە ماوەتەوە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەی حیکایەتی فۆلکلۆرین)) (امیدسالار: ١٣٦٦، ٢٤٠)هەندێکی تر لە توێژەران، پێیان وایە حیکایەتە عەرەبییەکان وەرگرتنی دەقی پێشووە، ئاماژەیان بەو سەرچاوانە کردووە کە عوبەید لێی وەرگرتوون، چ دەقاودەق چ بە گۆڕانکارییەوە و پۆلێنیان کردوون بۆ چەند دەستەیەک، هەندێک لە حیکایەتەکان لای چوار بۆ پێنج نوسەری پێشتر دەبینرێت، بە تایبەت نوسەرە عەرەبەکانی وەک: ڕاغیبی ئەسفەهانی، ئیبن حەمدون، سەعالیبی، وەتوات، ئەماسی، ئیبن جوزی، زمەخشەری، ئەوبوحەیانی تەوحیدی، عاملی...هتد. دواجار گەیشتوون بەوەی کە حیکایەتە عەرەبییەکانی نێو نامەی دلگوشا یازدە حیکایەتی بە وەرگرتنی تەواوەتی، یازدە دانەی بە ناواخنی هاوشێوە و جیاوازی لە یەک وشەدا، پەنجاونۆ حیکایەت بە ناواخنی هاوشێوە و جیاوازی دەربڕینەوە، لە سەرچاوەی پێش عوبەیددا دەبینرێت. (سبزیان پور: ١٣٩٢)

ئەوەی لەم حیکایەتانەوە دەبینرێت، پەیوەندی بە بیرکردنەوەی کەسانی قسەڕەوان و قسەزانەوە هەیە، کە تا چەند بابەتێکە بۆ پێکەنین و شادبوون، لە پاڵیشیدا ڕەخنەی توندە. ئەمانە لە دێر زەمانەوە لە ناو خەڵکانی سەر زەویدا باوبوون، بە تایبەت بەهۆی تێکەڵی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، بۆیە دەشێت گێڕانەوەیەک بە هەمان چوارچێوەوە لە هەموو نەتەوەکاندا هەبێت بە گۆڕینی ناوی کارکتەرەکان. هەندێکیشیان بە هەمان ناوی باوەوە دەڕوات، بۆ نموونە هارونە ڕەشید، باڵوڵ، تەلحەک، مەلای مەشهورە(کە کورد دەڵێت مەلای مەجبورە)، ئەمانە کەسایەتی دیاری ڕۆژهەڵاتن و زۆر گێڕانەوەی جوان و پەسەند بەسەرهاتەکەیان دراونەتە پاڵ ئەمان.

## ٤. پەیوەندی ڕشتەی مرواری و نامەی دلگوشا:

ڕشتەی مرواری ژمارەی حیکایەتەکانی لەسەرو هەزار دانەوەن، هەرچییەک لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بیستراێت ئەو وەریگرتوون، یا خود ئەوانەی لە هاوەڵ و کەسانی نزیک خۆی و کارەکتەری دیاری ناوچەکەوە ڕوویدابێت هێناونی. بەڵام لە پاڵ ئەوانەدا لە چوارچێوەی کارەکەماندا ئێمە نەوەدویەک گێڕانەوەمان دەستنیشانکردووە لە کتێبی دلگوشا کە نزیکی زۆری لەگەڵ گێڕانەوەکانی ناو ڕەشتەی مرواری دا هەیە، لەم بارەیەوە سەجادی لە بەرگی حەوت دا، دەڵێت: ((ئەو شتانەی کە من وتوومن هی خۆم نین و من نەموتوون، بەڵکو کوردەکە خۆی وتوونی و هەر کورد بۆی ناردووم، کەچی وەختی واش بووە بیستومە وتویانە: ئەو فلانە شتە کە لە ڕشتەی مرواری دا هەیە، لە فلانە کتێبی فارسی یان عەرەبی دا هەیە، من ئینکاری ئەمە ناکەم، ڕەنگێ هەبێت، بەڵام وەک وتم، ئەدەبی گشتی هەموو نەتەوەیەک دراوسی تێیدا شەریکن، پێش دەستی هی ئەوان بووە، کە زمانی بڵاوکردنەوەیان هەبووە، لە ئێمەیان وەرگرتوە و بە ناوی خۆیانەوە بڵاویان کردۆتەوە من ئەمە ئێستە قبوڵ ناکەم، شتی خۆمە و بە زمانی خۆم بڵاوی دەکەمەوە، لەمە زیاتر باجدان خوا هەڵناگرێت!))(سەجادی، ب٧، ٧) لێرەوە دەردەکەوێت عەلائەدین سەجادی نامەی دلگوشا و زۆرێک لە سەرچاوەکانی تری ئەدەبیاتی تەنزی دیوە و بە مەبەست لێی وەرگرتوون، چونکە پێی وایە کوردیش پشکی هەیە تێیدا، کارێکی درەنگە و ئەو دەیکات. ئەوەندەی ئێمە توانیومانە لەم لێکۆڵینەوەدا کار بکەین، نەوەدویەک حیکایەتی لێکچووی نامەی دلگوشامان لە کتێبی ڕشتەدا دیاریکردووە، بە هەردوو جۆری دەقاودەقی و گۆڕاوەوە. لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

- **یەکەم:وەرگرتن**

چیرۆکی ئەبونەواس لە ناو حیکایەتە عەرەبییەکاندا، ئەبو ئیسحاقی قیروانی لە کتێبی "قطب السرور فی اوصاف الخمور" دا "نزیکەی ساڵی١٠٢٦" هێناویەتییەوە، ئیبن مەنزور {١٣١١مردووە} لە کتێبی "اخبار ابی نواس" دا هەمان حیکایەتی باسکردووە، واتە شەست ساڵ بەر لە زاکانی مردووە. (امیدسالار: ١٣٦٦)

— ئەبو نەواس-یان دی کە جامێکی مەی بە دەستەوەیە و لە لەلای ڕاستییەوە هێشووەیەک ترێ و لە لای چەپی دەنکی مێوژ دانراوە، هەر پێکێک کە دەخواتەوە، دەنکێک ترێ و دەنکێک مێوژیشی لەگەڵ دەخوات، وتیان ئەمە چییە؟ وتی: باوک و کوڕ و ڕۆحولقدوس (ئاماژە بۆ سێینەی پیرۆز).

— فایەق بێکەس، جارێک دەچن بەسەریدا سەیردەکەن، عەرەق دەخواتەوە، بەڵام لەباتی مەزەکەی، مێوژ و ترێی داناوە. قومێک لە عەرەقەکە دەخواتەوە و دەنکێک مێوژ و دەنکە ترێیەک دەخوات بە سەریدا. دەڵێن فایەقە کوێر ئەمە چییە؟ ئەڵێ ئێشی ئێوە نییە، ئەمە کوڕو باوک و ڕۆحلقودوسە! (سەجادی، ب٤، ٩٩)

گێڕانەوەی ژنە چاوجوانە شکاتکەرەکەی ناو دلگوشا، پێشتر لای ئیبن قوتەیبیە و مەنسور بن ئحسانی ئالابی، نووەیری، ڕاغبی ئەسفەهانی هاتووە. (امیدسالار:١٣٦٦، ٢٢٣) عەلائەدین سەجادیش بە درێژتری و ڕوونکردنەوەی زیاترەوە لە ڕشتەدا هیناویەتییەوە، هەردوو گێڕانەوەکە دەخەینە ڕوو.

— ژنێک دوو چاوی زۆر جوانی هەبوو، ڕۆژێ شکاتی لە مێردەکەی کرد لای قازی و وتی: خەریکی ئافرەتی خراپە، قازی چاوەکانی ژنەکەی پێ جوان بوو، تەماحی تێکرد و لایەنی ژنەکەی گرت. مێردەکەی تێگەیی، چارشێوی لەسەر ژنەکەی لادا، کە قازی دەموچاوی بینی زۆر قینی لێ هەستا، وتی: هەستە ژنە، چاوی مەزڵومانت هەیە و ڕووی زاڵمان. (زاکانی، ٢٨٠)

— قازییەک لە هەڵەبجە، ڕۆژێک ژنێک دەچێتە لای شکات لە مێردەکەی ئەکا ژنە دوو چاوی زۆر جوانی پێوە بوو. سەرپۆشەکەی هێنابوو بەسەر ڕوومەتیدا هەر چاوەکانی بە دەرەوە بوون، مێردەکەشی لەگەڵ بوو. قازی چاوی ژنە بە تەواوی کاری تێکردبوو هەر قسەیەک ئەو ئەیوت ئەم ئەیوت ڕاستەکەیت. هەرچییەکیش مێردەکەی ئەیوت، ئەیوت درۆ ئەکەی. مێردە هەستی ئەکرد ئەمیش لە کوێدایە، هەر دەستی برد سەرپۆشەکەی لەسەر ژنەکە لادا و ڕوومەتی دەرکەوت. قازی سەیری کرد ڕوومەتێکی زۆر ناشیرینی هەیە، دڵی پێکا هات و وتی: هەستە بڕۆ ژنە، چاوی مەزڵومانت هەیە و ڕووی زاڵمان! لە لای مێردی خۆت دانیشە. (سەجادی،ب٤، ٢٨)

نموونەیەکی تر:

- قەزوینییەک کوڕەکەی کەوتە بیرەوە، وتی گیانی بابە نەچیت بۆ هیچ کوێیەک، تا بچم گوریسێک بێنم و دەرتبێنم. (٢٦٨)
- مەلا عەلی حاجی ڕەسول هەبوو لە سلێمانی؛ جارێک ئەحمەدی کوڕی دەکەوێتە ناو بیرێکەوە، مەلا سەرشۆڕیەکا بەسەر بیرەکەیا ئەیبینێ، پێی ئەڵێ کوڕم مەچۆ بەهیچ لایەکدا تا ئەچم گوریسێک دێنم و ڕات دەکێشمەوە دەرەوە (ب٨، ل٦٢).

### دووەم: وەرگێڕان

هەندێک لە نموونەکانی "زاکانی" لە پاڵ گێڕانەوەکەدا، دوو بەیت یان بەیتێک غەزەلی هێناوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی شاعیرەکە بدات، ئەمە لەلای عەلائەدین سەجادی وەرگێڕاوە بە زمانێکی کوردی پەتی و ڕوون، دوو نموونە دەخەینە ڕوو:

- کوڕێکی تورک بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشت و ئەمەی دەوت: مەستی شەوان بووم و کەوتوو و بێهۆش. هەتیوبازێک گوێی لێ بوو و وتی: ئای ئەو کاتە منی بەدبەختی ملشکاو لە کوێ بووم؟ (زاکانی، ٢٧٢)

"**مەستی شەوان بووم و کەوتوو و بێهۆش**" بەیتێک شیعرە و زاکانی لە قەسیدەیەکی ئەنوەرییەوە وەریگرتوە لە پەسنی یەکێک لە وەزیرەکانی دەمی خۆیدا کە دەڵێت:

**مست شبانه بودم و افتاده بی خبر**
**دی در وثاق خویش که دلبر بکوفت در**
(امیدسالار:١٣٦٦، ٢٣٠)

-ئەحمەدی عەزیز ئاغا بۆی گێڕامەوە وتی: ڕۆژێک ئەوا لە جادەی مەلکەندییەوە سەروخوار ئەبووینەوە بۆ بەردەرکی سەرا و دوکانەکەی حەمەسەعی خەیات" کوڕێکی جوانکیلە لە پێشمانەوە بوو، لەبەر خۆیەوە ئەم شیعرەی دەخوێندەوە:
لە دەشتی میحنەتا من کەوتبووم ئێمشەو بەبێ هۆشی
خـوا تـاکەی بـەبێ گۆشی، خـوا تـاکەی بـەبێ نــۆشی؟

قوتبەدین هەڵی دایە وتی: دەک بە ملی شکاو و ئەستۆی وردم، ئەوە من لە کوێ بووم ئێمشەو؟! (ب٧، ل٥٨)

-کوڕێکی تورکی چەنگی، وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی هەڵدەستا و سمتی بادەدا، هەتیوبازێک سەرسامانە تەماشای ئەکرد، کوڕەی تورک تێگەیی و وتی:
دڵ مەدە بەو گومەزە خڕە کە ئەم دولابە(چەرخە)
ئاشێکە بە خوێنی عەزیزان دەگەڕێ! (زاکانی، ٢٦٧)

-لە کۆڕی بەزمی تاجرانەدا، کە سەرخۆشانی بادەی شەراب دنیایەکی تریان دروستکردبوو، شەرابی ئەرغەوانی و کوڕی نەخجەوانی، دڵی دڵدارانی ئەهێنایە سەمای سلێمانی! نەونیهالێکی باغی جوانی بە دەسترۆکەیەکی ئاوریشمی غەمزەی غەزەلخوانی ئەهات و ئەچوو، سەمای ئەکرد و هەڵئەچوو، سمتی خڕی لە کۆ ئەچوو، میزراح ئامێز ئەخولایەوە، دڵی دڵداران ئەکولایەوە! یەکێک لە کۆڕەکەدا دیاربوو مەیلی نە لە شەراب بوو، نە بەرەباب بوو، بەڵکو چاوی لەو سمتە خڕە بوو، هۆشی لە لای ئەو خرتە بوو، کوڕە هەستی کرد و لایەکی بۆ کردەوە وتی:

**چاوت نەبێ لەم کونە وادێت و دەسوڕێ**
**ئاشێکە بە خوێنی دڵی سەییادە گەڕانی!**
(ب٧، ل٦٠)

### سێیەم: گۆڕین

هەندێک لە گێڕانەوەکان، لە دەمی وەرگرتندا، گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە، ناسینەوەی ئەستەمە، تا ئەو ئاستەی بەهۆی دەستکاری زۆرەوە، وەرگر پەی بە خاڵی تەنزەکە نابات، تا ئەو دەمەی دەچێتەوە سەر گێڕانەوە بنەڕەتییەکە:

— کەنیزەکێکی سەماکەریان بۆ پیاوێک هێنا، وتی: ئایا هیچ هونەرێکی دەست دەزانیت؟ وتی: نەخێر، هونەری من لە قاچم دایە (زاکانی، ٢٥٧).

— کابرایەک هەبوو زۆر لە ژن ئەترسا، بە لایەوە وا بوو ژنی بێ گۆبەند نییە، پاشان ناونیشانی ژنێکی بەحەیاو حەشمەتیان بۆ هەڵداو لەگەڵ ئەمەشا زۆر دەست ڕەنگینە، چوو ئەو ژنەی هێناو نەوکلی دایە سەرخۆ، شەوێ لە ژنەکەی پرسی ئایا تۆ هیچ دەست ڕەنگینی و پێشەیەکی دەستیت هەیە؟ وتی: نەوەڵڵا من پیشەو سەنعەتم لە قاچمایە! وتی: دەک موبارەک نەبێت.(ب٥، ١٢٦)

### چوارەم: چاولێکەری

لە پاڵ نامەی دلگوشادا، عوبەید زاکانی نامەی تەعریفاتی هەیە(اتابکی، سال؟)، کە فەرهەنگێکی زمانبی تەنز و سوکایەتی و داشۆرینە، زاکانی لە بارەی پیاوانی ئایین و خوێندەوار و دادوەر..هتد، داینەوە. هەمان فەرهەنگ، لە بەرگی هەشتی ڕشتەدا دەبینرێت بە بێ جیاکردنەوە لە گێڕانەوەکان، بە ناوی فەرهەنگی تەمەڵەوە دەبینریت، دەڵێت: ((ڕەحمەتییەکە فەرهەنگێکی هەبوو، لەو فەرهەنگانەیا گەلێک شتی باس کردبوو، ڕشتەی مرواری قەیدی چییە باسی هەندێکی بکات، خۆ قفڵی کەعبە کەچ نابێت.)) (سەجادی، ب٨). وشەکان ئەگەرچی جیاوازن، بەڵام هەست بە کاریگەری و چاولێکەری زاکانی دەکرێت لە دانانی فەرهەنگەکەدا، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تەنزی زاکانی لێرەدا توند و گاڵتەجاڕانە و ڕسواکەرانەیە لە هەندێك بەشیدا تەنزەکەی دەچێتە سنووری تابووی ئایینی و هێڵی سووری پیرۆزییەوە، بەڵام سەجادی لە چوارچێوەی پێکەنین دا ماوەتەوە. بۆ نموونە:

**فەرهەنگی تەمەڵ (عەلادین سەجادی)**

**حەکیم:** چەپەری مردن
**جەهلی مورەکەب:** دوو سۆفی لەیەك شوێن دا
**دەرووی بە ڕەحمەت:** لەفزی سێ تەڵاقە
**بەدبەخت:** ئەو کەسەیە کە بە دەست کچەوە گیری خواردبێت.
**ماچ:** دەڵاڵی ئەو شتەکە!
**خێرخواز:** ئەو کەسەیە کە پیرێژنێك بە وانێکێك بلاوێنێتەوە!

**رسالة تعریفت (عوبەید زاکانی)**

**دونیا:** ئەوەی کە هیچ ئافەریدەیەك تێیدا نەحەسێتەوە.
**عاقل:** ئەوەی کە گوێ بە دنیا و ئەهلەکەی نەدات.
**کامل:** ئەوەی بە غەم و شادی نەگۆڕێت.
**کەریم:** ئەوەی تەماحی لە ماڵ و پێگەدا نەبیت.
**ئایەمی:** ئەوەی چاکەی خەڵکی بوێت.
**قازی:** ئەو کەسەی هەموان بە نەفرەتی دەکەن.

**شێخ:** ئیبلیس
**سۆفی:** بەلاشخۆر. (زاکانی، 317)

### 5. دیاریکردنی گێڕانەوە لێکچووەکان:

لە کارەکەماندا کۆی ئەو گێڕانەوانەی ناو ڕشتەی مرواری کە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ نامەی دلگوشای عوبەید زاکانی، دیاری کردووە، بێگومان توێژەرانی تر دەتوانن کاری تری لەسەر بکەن و پەیوەندی لە نێو گێڕانەوەکانی تریشدا بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی کاری ئێمە جەختکردنەوە نییە لەسەر کاریگەی، بەڵکو کارە لەسەر بونیادی تەنزئامێز، بۆیە تەنها ئاماژە بەم ژمارەیە دەدەین:

1. پاشا کوڕەی ڕەواندز لەشکری ناردبوو بۆ سەر هەولێر... (ب٤، ٧١): قەزوینییەك بە قەڵقانێکی گەورەوە چوو بوو بۆ جەنگی کافران (زاکانی، ٢٦٨).
2. پاشایەک سێ ژنی هەبوو، یەکێ ئاری، یەکێ سامی، یەکێ... (ب٨، ٦٩) پاشایەك سی ژنی هەبوو، فارسی و تازی و قیبتی.. (زاکانی، ٣٠٢).
3. پیاوێک هەبوو لە سلێمانی، کارەکەرێکی لە ماڵا بوو... (ب٦، ٦٧)، پیاوێك یەکێکی دی کە لەگەڵ کارەکەرەکەیدا جووت بووە..(زاکانی،٢٥٣).
4. پیرەژنێک لە سەقز هەبوو مێمکە شەرمین-یان پێدەوت..(ب4، 69). لە پیرەژنێکیان پرسی کە حەزت لە دێیە یان ك.. (زاکانی، ٢٦٤).
5. جاران هەر بەینە نابەینێک یەکێک ڕاست...(ب٨، ٢٧)، گێڕانەوەی لێکدراو(زاکانی، ٢٥٩، ٢٧٥).
6. حاجی عەزیزی شەرعی خێزانەکەی لەگەڵیا ڕێ نەدەکەوت... (ب٨، ٣٥). پیاوێك کە ژنەکەی...(زاکانی، ٢٥٣).
7. حاجی مەلا یوسفی سووورداشی وەختێ قازی بوو... (ب٤، ٧٤)، (زاکانی، ٣٠٤).
8. حاجی ئەحمەدی کرێنوو، لە ئاخری عومرەوە تووشی... (ب٤، ٧٤)، (زاکانی،٢٨٥).
9. حاجی ئەحەی کرێنوو دەچێتە بناری هەورامان... (ب٤، ٧٩)هەروەها(ب٨، ٦٨) (زاکانی، ٣٠٣).
10. حەسەن بەگی جاف دەیوت، یەکێک لە کوڕی سەرخۆشانا... (ب٧، ٦٤)، (زاکانی،٢٩٨).
11. حەمەی سان ئەحمەد هەبوو لەو هەورامانە، هەندێ جار... (ب٤، ٧١٩، (زاکانی، ٢٦٦).
12. خاڵە مەحموو جارێ بە ڕەشەی کوڕی دەڵێت: ڕۆڵە هەنێ... (ب٨، ١٠٢)، (زاکانی، ٢٥٩).
13. خلەی مەحموی پیروەیس خوشکێکی هەبوو دابووی بە مێرد... (ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥٣).
14. دڵسووتاوێک دەمێ ساڵ بوو دڵی چوو بوو لە یارەکەی... (ب٨، ٦٩)، (زاکانی،٢٩٧).
15. دەروێش حەمە عەلی باخانی گێڕایەوە وتی: جارێک... (ب٨، ٧٠)، (زاکانی، ٢٦٦).
16. زەمانێ زوو لە تەوریزەوە حاکم ئەنێرا بۆ سابلاخ، جارێک... (ب٥، ١٠٠)، (زاکانی، ٢٧٠).
17. زەمانی دارۆغە بوو، کوڕێکی گاوری جوانکیلە لە پاتاق... (ب٤، ٧٢)، (زاکانی، ٢٧٩).
18. ژنێک جارێک دەچێتە لای قازی، شکات لە مێردەکەی... (ب٤، ٦٦)، (زاکانی، ٢٥٤).
19. ژنێک سکی پڕ بوو، پاشان کچێکی هێنا زۆری پێناخۆش بوو... (ب١٠٣،٥)، (زاکانی، ٢٨٩).
20. ژنێک کچێکی هەبوو دابووی بە شوو، کچە ملی نەئەهێنا.. (ب٥، ١٤٤)، (زاکانی، ٢٧٣).
21. ژنێک هەبوو خاتوو سەمەنی ناوبوو، لەگەڵ مێردەکەیا لەسەر.. (ب٤، ٦٦)، (زاکانی، ٢٥٥).
22. ساڵێک سالارلدەولە ڕووی کردبووە کوردەواری بەو نیازەی... (ب٤، ٧٠)، (زاکانی، ٢٦٥).
23. ساڵێک لە زەمانی تورکەکانا، داسنی کوشتن باوی پەیدابوو... (ب٨، ٦٤)، (زاکانی، ٢٧٠).
24. سەدار لە بۆکان باخێکی نایابی هەبوو، چواردەوری بە... (ب٥، ١٠٣)، (زاکانی،٢٨١).
25. سەی حەمە حەسەنێک هەبوو، خەڵکی سنە بوو، ژنی زۆر...(ب٥، ٩٩)، (زاکانی،٢٤٨).
26. شێخ ڕەزا جارێک تووشی ژنێک ئەبێت لە سولەیمانی زۆر بە... (ب٩٩،٥)، (زاکانی، ٢٥٦).
27. شێخ ڕەزا لە کۆیە دەبێت، جارێک ئافرەتێک جوان بە ناو... (ب٩٩،٥)، (زاکانی، ٢٥٥).
28. شێخ قادری سیامەنسووری ڕۆژێک لەگەڵ حەمیدئاغا... (ب٥، ١٠٢)، (زاکانی، ٢٧١).
29. شێخ هادی پشدەری ناردی بۆ ڕشتە وتی: کوڕێک لە دووز... (ب٨، ٩٢)، (زاکانی، ٢٥٤).
30. عێل لە کوێستان بوو، کوێرەدێیەگ هەیە لەو ناوە... (ب٤، ٢٨)، (زاکانی، ٢٧٩).
31. عەزیز بەگ هەرچەندە چاوەکانی نەمابوو، بەڵام ئەوەی خوارەوە.. (ب٩٢،٨)، (زاکانی،٢٥٦) .
32. فایەق بێکەس جارێک دەچن بە سەریا سەیر ئەکەن عەرەق... (ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥٧).
33. قازییەک هەبوو لە هەڵەبجە، ڕۆژێک ژنێک.. (ب٤، ٢٨)، (زاکانی، ٢٨٠).
34. کابرایەک زستان بوو خەریکی پیرەژنێک بوو، لە کاتی ئیشکردنا... (ب١٣٧،٥)، (زاکانی،٢٧٥).
35. کابرایەک لەو دەشتە لەسەر پێشاو دانیشتبوو... (ب٤، ١٢) هەروەها (ب١٣،٦)، (زاکانی،٢٨٧).
36. کابرایەک لەو ناو جافە لەبەر ئەوەی سکی بای کردبوو... (ب٤، ١٢٩)، (زاکانی، ٢٥٦).
37. کابرایەک هەبوو خەڵکی ئەو سیوەیلە بوو...(ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥١).

38. کابرایەک هەبوو زۆر لە ژن دەترسا، بە لایەوە... (ب٥، ١٢٦)، (زاکانی، ٢٥٧).
39. کابرایەک هەبوو لە سنە میرزا فەقێی ناوبوو، پیاوێکی بە دین و... (ب٤، ٧٣)، (زاکانی، ٢٧٦).
40. کابرایەک هەبوو لە سەقز زۆر ناشرین بوو... (ب٤، ٩٩)، (زاکانی، ٢٦٠).
41. کابرایەک هەبوو لەو خوارەوە، کوڕێکی هەبوو، یەکێک... (ب٨، ٦٦)، (زاکانی، ٢٥١).
42. کابرایەکی "سونگری"ی مانگێ موحەڕەم بوو، شینوشەپۆڕ.. (ب٨، ١٧)، (زاکانی،٢٧٣).
43. کابرایەکی "کرندی"، بە یانی لە ماڵ دەچوور، پاشنیوەڕۆ... (ب٨، ٥٧)، (زاکانی، ٢٦٤).
44. کابرایەکی سمایلعوزێری هەبەە، لەو وڵاتی چەقۆ وقایکندە... (٨، ٧١)، (زاکانی، ٢٦٥).
45. کابرایەکی سێوسێنانی دێتە سولەیمانی و میوانی کۆنە... (ب٥، ١٠٠)، (زاکانی، ٢٩٠).
46. کابرایەکی قەلخانی بێ توتنی هێنابوو بەسەریا لەو وڵاتی... ( ب٨، ٦٤)، ( زاکانی، ٢٧٠).
47. کابرایەکی کچەڵ، گاڵتەی بە کابرایەکی بەڵەک دەکرد، وتی: ها... (ب٥، ٩٩)، (زاکانی،٢٦٠).
48. کابرایەکی کورتەباڵا دەچێتە لای غوڵامشاخان..(ب٥، ل٩٨)، (زاکانی، ل٢٥١).
49. کابرایەکی کورد دەچێت بۆ حەج، لە کاتی تەوافا جامانەکەی...(ب٤،٢٨)، (زاکانی، ٢٨٠).
50. کابرایەکی کورد سەدقڕان ئەخاتە باخەڵی و ئەچێتە بازاڕ...(ب٥،٢٩)، (زاکانی،٢٥٢).
51. کابرایەکی کۆیی عەزیزی ناوبوون جارێک دەچێتە شاخەپیسکە... (ب٨، ٦٦)، (زاکانی،٢٩٦).
52. کابرایەکی موکریانی ئەچوو بۆ بیجار، لە نزیک شارەکەوە... (ب٤، ٦٩)، (زاکانی، ٢٦٤).
53. کابرایەکی میروەیسی جارێک دەچێت بۆ حەج، نەختێ پەلە ئەکا و.. (ب٤،٢٦)، (زاکانی، ٢٥٥).
54. کابرایەکی مەراغەیی شیعە رێی ئەکەوێتە سابڵاغ، لەوێ... (ب٤،٧٠)، (زاکانی، ل٢٦٥).
55. کابرایەکی یوسوجانی لەو کاتەدا کە عێل باردەکا بۆ کوێستان... (ب٤، ٢٩)، (زاکانی، ٢٨٤).
56. کوێخا حەوێزی شاخەپیسکە، دایکی ئەمرێ، پورە مریەم.. (ب٨، ٦٦)، (زاکانی، ٢٩٧).
57. کەلای ئەڵێ، لە شێخ موراد دەپرسێ: سەید قلیە وە... (ب٨، ٦٤)، (زاکانی،٢٧٣).
58. لە زەمانی کاک ئەحمەد دا جوولەکەیەک لە سلێمانی.. (ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥١).
59. لە سنە کابرایەکی جوولەکە موسوڵمان ببوو... (ب٤، ٧٢)، (زاکانی، ٢٧٧).
60. لە سنە لەسەر قەبرانی شیخان چەند گۆڕێکی درێژ هەبوون.(ب٤، ١٠٠)، (زاکانی٢٦٥).
61. لە شەیتانیان پرسی، تۆ کام دەستەت خۆشدەوێ... (ب٤،٣٠)، (زاکانی، ٢٩٩).
62. لە کۆڕێکی بەزمی تاجیرانەدا کە سەرخۆشانی بادەی شەراب.. (ب٧، ٦٠)، (زاکانی،٢٦٧).
63. لە کەرکووک دوو منال بەیەک فێربوون، هەر لە زەمانی... (ب٤، ٧١)، (زاکانی، ٢٦٨).
64. لە هەولێر کابرایەک لە مامۆستا مەلا ساڵحی گوزەپانکە... (ب٤، ١٠٠)، (زاکانی، ٢٧٠).
65. لەو خۆشناوەتییە کابرایەک چاوی ژانی دەکرد، پورزایەکی... (ب٤، ٢٧)، (زاکانی،٢٧٠).
66. لەوبەرە کێوە هەموو ئێوارەیەک مامۆستا وەعزی دەدا... (ب٥، ١٣٨)، (زاکانی، ٢٨٤).
67. مەلا تۆفیق هەبوو لە سلێمانی دەستی حەکیمی هەبوو... (ب٤، ١٠٠)، (زاکانی، ٢٦٧).
68. مەلا ڕەشیدی چیچۆرانی هەبوو لە سەگ زۆر دەترسا... (ب٤، ٦٤)، (زاکانی، ٢٥٥).
69. مەلا سمایلی کانێسکان جارێک لە پیرەمەگرون..(ب٨، ٢٦)هەروەها(ب٤، ٣٠)، (زاکانی، ٢٩٩).
70. مەلا سمایلی کانیسکان لەو سەرەوە ئەبێت بە میوانی ماڵێک... (ب٩٢،٨)، (زاکانی، ٢٥١).
71. مەلا سمایلی کانێسکان وەعزی ئەدا ئەیوت: هەر کەس سواری... (ب٦، ١٠٨)، (زاکانی، ٢٦٤).
72. مەلا سمایلی کانێسکان، جارێ لەسەربانی مزگەوتی گەورە... (ب٨، ٦٢)، (زاکانی، ٢٦٨).
73. مەلا سەعیدێک ئیبن عەباسی هەبوو، بە ڕواڵەت... (ب٦، ٣٠)، (زاکانی، ٢٩٦) .
74. مەلا سەعیدێکی ئیبن عەباسی هەبوو، ئەیان وت... (ب٤، ٩٩)، (زاکانی، ٢٥٦).
75. مەلا عەلی حاجی ڕەسول هەبوو الله سولەیمانی؛ جارێک...(ب٨، ٦٢)، (زاکانی، ٢٦٨).
76. مەلا مەحموودی حاجی عەلی هەبوو لە سولەیمانی... (ب٤، ٢٦)، (زاکانی، ٢٦٠).
77. مەلایەک لە کۆریکا وەعزی ئەدا و باسی جبرەئیلی دەکرد... (ب٤، ٢٧)، (زاکانی، ٣٠٦).
78. مەولوو هەبوو خەڵکی سنە بوو، ژنێکی هەبوو، کوڵابوو... (ب٥، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥١)
79. نوێژ بە جەماعەت ئەکرا، کابرایەکی کەڕ لە... (ب٤، ٦٤)هەروەها (ب٢٦،٤)، (زاکانی، ٢٥٥).

80. هێمنی شاعیر بۆی گێڕامەو وتی: کوڕێک هەبوو لەو سەرەوە... (ب٨،٦٢)، (زاکانی،٢٧٤)
81. هەر لەم خلەی پیروەیسە دەپرسن، مامە خلە ئەبێ یەکێ...(ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥٨).
82. هەر ئەم ئەحەی کڕنووە، ژنە پێشوەکەی ئەمرێ و ... (ب٤، ٩٨)، (زاکانی،٢٥٦).
83. وەستا گرووی بەرگدرووی هەبوو لە سولەیمانی کەواو سەڵتەی... (ب٤، ٨١)، (زاکانی،٢٩٠).
84. ئەحمەد عەزیزئاغا بۆی گێڕامەوە، ڕۆژێک ئەوا لە جادەی... (ب٧،٥٨)، (زاکانی،٢٧٢).
85. ئەحەکەڕ هەبوو، خەڵکی کاژاو بوو لە سەفەربەلک...(ب٤، ٦٥) و(ب٨، ٣٥) (زاکانی، ٢٥١).
86. ئەحەی کڕنوو جارێک دچەیتە کۆیە، سەیر ئەکا پیاوێک دوو... (ب٤، ٩٨)، (زاکانی، ٢٥٥)
87. ئەحەی کڕنوو وتی: خەویکم دی نیوەڕاست بوو...(ب٤، ٤٢)، (زاکانی، ٢٨٨).
88. ئەحەی ناسر وتی: جارێک هەتیویکم تاودا بە دوو تارانی... (ب٧، ٨٠)، (زاکانی،٢٥٤).
89. ئەحەی ناسراو وەک گۆینده بوو، ڕەندیش بوو، هەر شتێکی ...( ب٨، ٦٩)، (زاکانی،٢٥٤).
90. یەکێک لە شاعیرە چاکەکان ڕۆژێک چووە مزگەوتێکەوە... (ب٣،١٠٣)، (زاکانی، ٢٨٣).
91. ئەوڕەحمانی خەمە لە سولەیمانی، جارێک بۆ نوێژی...(ب٨، ٧٣)، (زاکانی، ٢٦٧).

## بەشی دووەم:
## لە بارەی تەنزەوە

**تەنز:** زاراوەی تەنز لە زمانی ئینگلیزیدا ساتیر(satire)ی پێدەوتریت کە ئەویش لە وشەی (satura, satire) زمانی لاتینەوە خوازراوە، کە قاپێکی پڕ لە میوەی جۆراوجۆر بووە پێشکەشی یەکێک لە خوداکانی جوتیاری و کشتوکاڵ دەکرا. (سیماداد، ل٣٣٩) لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی دا زاراوەی تەنز باوە ((تەنز لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و بە مانای گاڵتەپێکردن، تانەلێدان، عەیبەلێگرتێن، بە ڕەمز قسەکردن و بە سوکایەتی قسەکردن لە بارەی یەکێکەوە دێت)) (اصلانی:١٣٨٥، ١٤٠) لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی وەک: گاڵتەجاڕی، ساتیر، تەوس، پلار، توانج، تەنز بۆ ئەمجۆرەی ئەدەب بەکاردێت، بەڵام جۆرە تێکەڵییەکی پێوە دیارە لە پاڵ زاراوەکانی تری ناو ئەدەبیاتی پێکەنین دا، کە کۆمیدیا، هۆمۆر، ئایرۆنی-ن. بۆیە لێرەدا وشەی تەنز بەکاردەهێنن. تەنز لە زماندا بە مانای ((گاڵتەپێکردن و تانەدان دێت، وەک زاراوەش ئەو بەرهەمە ئەدەبییەیە، کە لایەنە خراپەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، لاوازییە ئەخلاقییەکان، فەسادی کۆمەڵایەتی یان هەڵەکانی مرۆڤ بە ئاوازێکی گاڵتەپێکردن و زۆرجار ناڕاستەخۆ، دەردەبڕێت)).(صادق: ١٣٨٨،٢٢٦) تەنز دەشێت بە شێوەی شیعر یان بە شێوەی پەخشانیش بوترێت ((لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تەنز لە داستانی ئاژەڵان، لە شیعرە حەوت برگەیەکییەکانی ناسراو بە فابیل (حیکایەتی تەنزئامیزی هۆنراوە)، کە تێیدا ژنان و پیاوانی ئاینی گاڵتەیان پێدەکرا، بەکاردەهات)) (صادق: ١٣٨٨،٢٢٦). لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا، تەنز لە مێژە بە شێوەی پەخشان و شیعر دەبینرێت، لە بەرهەمەکانی هەزارویەکشەوە و مەقامات و حیکایەتە پەندئامێزەکان، چ بە شێوەی هۆنراوە یان پەخشان بووبن. بۆ نموونە زۆرێک لە پیاوانی سۆفیزم لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لە پاڵ ئامۆژگاری و حیکمەتدا، حیکایەت و گێڕانەوەکانیان بەشێوەی تەنز خستۆتەڕوو، ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی ئەوان تەنز نەبووە، بەڵام بەهۆی تەنزەوە ئامانجەکەی خۆیان کە حیکمەت و وانەدان بووە، خستۆتە ڕوو. لە ئەدەبی کوردیدا تەنز بەشێوەی پەخشانی لە ئەدەبی فۆلکلۆردا دەبینرێت و زۆر درەنگ تۆمارکرا، بەڵام بەشێوەی هۆنراوە لە بەیتی میللی و شیعری کلاسیکیش دا دەبینرێت، لەم بارەیەوە هەندێک غەزەل و قەسیدەی سالم و نالی نیشاندەری ئەمەن.

**تەنز دوو جۆری سەرەکی هەن:**

**تەنزی هۆراسی:** دەگەڕێتەوە بۆ هۆراسی شاعیر، تەنزێکە نەرم و بەرێزانە و تا ڕادەیەکی زۆر چاوپۆشیکەرە. ئەو پێکەنینەی بەهۆی ئەم تەنزەوە دەکرێت زیاتر لە ڕووی هاوخەمییەوەیە تا سوکایەتی و گاڵتەپێکردن.

**تەنزی جۆڤینیالی:** دەگەڕێتەوە بۆ جۆڤینال، تەنزێکە ئازاردەر، تاڵ و تووڕەیە و بە سوکایەتی و گاڵتەپێکردن و قین و ڕەشبینییەوە بابەتەکەی خۆی دەخاتە بەر هێرش. (فتحی: 1986، 197)

هەردوو جۆرەکە لە بارەی وجودی مرۆڤەوەن، کە ئایا لە بنەڕەتدا مرۆڤ، تاکێکی بەدکارە، یان سروشت پاکە و بە هەندێک هۆکار گۆڕاوە. هۆراس بە تەنزی نەرم و سازگاری خۆی، بڕوای وەهایە کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بونەوەرێکی پاک سروشت و چاکەخوازە، بەڵام بە

هۆکارگەلێکی زۆر، باشییە خوداکردییەکەی خۆی لە بیرچۆتەوە. لێرەدا تەنزی بە بەرجەستەکردنی خراپە و گەندەڵییەکان لەم بێئاگاییە دەری دێنێت و بەرەو ڕێگەی ڕاستەقینە و سروشتییەکەی ڕێنمایی دەکات. بەڵام ڕەخنەی جۆڤینال لەسەر بنەمای ئەو تیۆرییەیەی کە خراپە زاڵە بەسەر مرۆڤدا و باشە لە وجودیا کەم و دەگمەنە. خستنەڕووی حەقیقەت بە زمانی تەنز، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ واز لە خواستی خۆی بێنێت بۆ چوونە نێو ناشرینی و خراپەکاری. (داد:١٣٨٥، ٢٤٢).

### ٢. بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێز:

بونیادی گێڕانەوە بەهۆی یەکگرتنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوەوە دێتە بەرهەم، لە پاش خستنەڕووی کەسێتی و ڕووداو، کات، شوێن، تیمە، دیالۆگ ... بەڵام لە گێڕانەوەی تەنزئامێزدا وێڕای یەکگرتنی ئەوانە، پێوستە ڕەگەزی تەنز بەسەر ڕەگەزەکانی تردا زاڵ بێت. بە تایبەت ئەگەر گێڕانەوەکە، لە جۆری ئەدەبی پێکەنین بێت. بونیادگەرەکان لە پاڵ بەشەکانی تری گێڕانەوەدا، تەنز وەک بابەتێکی گرنگی گێڕانەوە باس دەکەن، ئەندرێ یولس لە کتێبەکەیدا بە ناوی "فۆرمە سادەکان: ١٩٣٠" کە لە بارەی فۆرمە ئەدەبی و زمانییەکانەوەیە و پێی وایە بونیادێکی هاوشێوەیان هەیە، نۆ فۆرم دیاریدەکات و ناویان دەنێت یاسای زمانی فۆرمە سادەکان. پێی وایە کارکردنی ئەم فۆرمانە لە ئەدەبیاتدا بەرامبەرە بە کارکردنی بکەر و کردارەکانی ناو زمان، هیچ کۆمەڵگایەک نییە، ئەم فۆرمانەی نەبێت، فۆرمەکانیش بریتیین لە :ئەفسانە پیرۆزەکان، ئەفسانەی پاڵەوان، ئەستۆرە، مەتەڵ، پەند، نموونە و گریمانە، یادەوەری، حیکایەت،

نوکتەو قسەی خۆش.(اسکولز: ١٣٨٣) ئەوەی یۆلس بروای پێیەتی، ڕۆحی گێڕانەوەیە لە هەر یەک لەم فۆرمانەدا، بە نیشاندانی تایبەتمەندی هەر یەکەیان، تایبەتمەندی قسەی خۆش و گێڕانەوەی تەنزئامێز ئەوەیە کە ((لە بارەی کەموکوڕییەکانی زمان، لۆجیک و ئەخلاقەوەیە، چێژ لە خوازە وەردەگرێت)) (اسکولز:١٣٨٣، ٧٦) گێڕانەوەی تەنزئامێز، کە لە ئەدەبی کوردیدا بە قسەی خۆشیش دەناسرێت: (( چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوە بەبەردا)) (ڕەسول، ١٩٧٠)

بە ڕۆحیەتی تەنزی لە نێو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی گێڕانەوەکەوە، بونیاد دەنرێت، بە شێوەیەک هەر یەک لە ڕەگەزەکان بە بەرگی گاڵتەئامێزییەوە کاردەکەن بۆ پێکهێنانی گێڕانەوەیەک ئامانجدار، کە لە زۆربەردا بە مەبەستی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە. لێرەدا هەوڵدەدەین ڕەگەزەکان دەستنیشان بکەین، کە لە گێڕانەوەکانی دلگوشا و ڕشتەدا، بونیادی تەنز بەهۆی ڕووداو و کەسێتییەوە لێرەدا بە نموونەی حیکایەتەکانەوە نیشانیان دەدەین:

**١. کەسێتی:**

لە حیکایەتەکاندا چەند جۆرێکی کەسێتی دەبنە جێگەی گاڵتەجاڕی و لە ڕاستیدا بەشێکی بونیادی ئەم جۆرەی گێڕانەوەیە لەسەرشانی ئەم کەسێتیانەیە. ئەمانەش کۆمەڵێک ئارکتایپی نێو حیکایەتی ڕۆژهەڵاتن، زۆر ڕووداو دەدرێنە پاڵ ئەمان، چ لە حیکایەتی پەندئامێزدا، چ لە گێڕانەوەی تەنزئامێز بۆ نموونە: هاروونە ڕەشید، تەیموری لەنگ، سوڵتان مەحموود، باڵوڵ، جوحا، مەلای مەشهورە، خدری زیندە، مەلا ئەبوبەکر، تەڵحەک.. وەکو کەسێتی باویش بە زۆری ژنان و پیاوانی ئایینی و کەسانی هەژار و گوندەکی و کەسانی گەمژەن. لێرەدا چەند کەسێتییەک دەخەینە ڕوو:

**کەسێتی ناسراو:** بەشێکی گێڕانەوەکان بە ناوی کەسێتی دیارەوەن، بە تایبەت ئەوانەی ناو دلگوشا پێشنموونەی ڕۆژهەڵاتین و دەیانناسین، بەڵام کاتێک عەلائەدین سەجادی گێڕانەوەکان بە ناوی ئەوانەوە ناودەبات، دەیکات بە کەسێتی کورد، ئەو کەسانەی بە گشتی لە ناو ئەدەبی کوردیدا ناسراون، یان کەسایەتی خۆشمەشرەبی سلێمانی بوون، نموونەکان دەخەینەڕوو:

**ئەبونەواس، فایەق بێکەس:** کەسایەتی ئەبونەواس لە مێژوودا، خۆشمەشرەب و شەهوەتباز و گوێیە دنیانەدەر بووە، بۆیە کاتێک گێڕانەوەیەک بە ناوی ئەو دەست پێدەکات، ئێمە ئامادەی بیستی بابەتێکی گاڵتەئامێزین بەهۆی ئەو وێنایەی لە بارەی کەسێتییەکەوە هەمانە، چاوەڕێین بەهۆی بیستنی گێڕانەوەیەکی تەنزەوە وێنەکەی ئەبونەواس تۆختر بکەینەوە. لە گێڕانەوەی (ڕۆژێک ئەبونەواسیان دی جامێ شەراب بە دەستییەوە..). کردارێک دەنوێت، کە تەواو لەگەڵ ناوەکەیدا یەکدەگرێتەوە. هەمان گێڕانەوە لە ڕشتە دا بە ناوی فایەق بێکەسەوە دەگێڕێتەوە. خوێنەری کورد، پێشینەی زانیاری لە بارەی بێکەسەوە، لە بارەی مەیخۆرییەوە هەیە، بەڵام بەراورد ناکرێت بە پێشینەی ئەبونەواس، چونکە بابەتەکە تەنها پەیوەندی بە مەییەوە نییە، بەڵکو ئەبونەواس لە بابەتی سێکسی و هاوڕەگەزبازیدا ناوی ڕۆیشتووە.

**هاروونە ڕەشید و تەڵحەک، مەلا سمایلی کانێسکان و عەبەی خەیات:**

کەسایەتی هاروونە ڕەشید لە نێو چیرۆکەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە گەلێک شێوە وێناکراوە، دەستڕۆیشتوو، زاڵم، مێباز، بەشێکی چیرۆکەکانیشی بەهۆی تەڵحەک یان باڵوڵەوەیە، کە پێکەوە دەبنە دوو جەمسەری گێڕانەوە، هەمیشە تەنزەکەش لەسەری هاروونە ڕەشیدا بەهۆی تەڵحەکەوە دەشکێ.

-سوڵتان مەحموود لە مەجلیسی وەعزدا ئامادە بوو، تەڵحەک چوو لە پشتییەوە دانیشت، لەو کاتەدا واعزی دەیوت هەر کەسێک کوڕێکی گابێت لە قیامەتدا، کوڕەکە دەخەنە سەرشانی تا بەسەر پردی سیراتدا بیپەڕێنێتەوە. سوڵتان مەحموود دەگریا، تەڵحەک پێی وت ئەی سوڵتان مەگری و دڵخۆش بە، تۆش ئەو ڕۆژە پیادە نابیت.(زاکانی، ل٢٦٤).

- مەلا سمایلی کانیسکان وەعزی دەدا دەیوت: هەر کەسێک سواری هەتیوێک بووبێ دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا کابرا ئەو هەتیوە بخاتە سەرشانی و لەو دەشتی مەحشەرە بیگێڕێ. عەبەی خەیات هەبوو لە کۆڕەکەدا هاواری کرد وتی: ئای ماڵی ویرانم، من ئەبێت ئەوڕۆژە هەتیو هەڵبگرم، ئەم هەمووەم لە کوێ پێ هەڵدەگیرێت؟ مەلا سمایل هەر لە ناوەندی وەعزەکەدا هەڵی دایە وتی: خەمت نەبێت هی واش هەیە تۆ هەڵبگریێ و ئەو ئەرکەت لە کۆڵ بخات. (ب٦، ل١٠٨)

لە دلگوشادا هەر بە ناوهێنانی هاروونە ڕەشید، چاوەڕوانی وەڵامێکی تەڵحەکیش دەکرێت، بەڵام لە گێڕانەوەکەی ڕشتەدا لەبەر ئەوەی دوو کەسایەتییەکە دیارنین، بۆیە ئەو ئامادەییە نایەتەدی و بیسەر تا کۆتایی دەوەستێت، ئەوسا لە کۆی تەنزەکە تێدەگات.

**خەسرەو ئەنوشیروان، غوڵامشا خان:** نەوشیروان ناسراوە بە خاوەن پێگەو دەسەڵات و جێگەی شانازی نەتەوەی فارسە، لەبەرامبەر ئەمدا عەلادین سەجادی ناوی غوڵامشاخان دێنێت، کە نازناوە بۆ ئەمانوڵاخانی والی سنە، کوڕی خەسرەو خانی ناکام، خاوەن پێگەی میرنشینی ئەردەڵان بووە، هەردوو کەسایەتییەکە بۆ نەتەوەی خۆیان گرنگن، بەڵام هیچیان کارەکتەری ناو گێڕانەوەی تەنز ئامێز نین، بەڵکو بەهۆی کەسێتییەکی ترەوە گێڕانەوەکە دەبێت بە تەنز:

-نەوشیروان ڕۆژێک دانیشتبوو، پیاوێکی باڵا کورت هات و داوای دادوەری کرد، خەسرەو وتی: کەس ناتوانێت زوڵم و ستەم لە باڵا کورتەکان بکات، وتی: قوربان، ئەوەی زوڵمی لێکردووم، لە من کورتترە. خەسرەو پێکەنی و دادی وەرگرت.( زاکانی،٢٥١)

-کابرایەکی کورتەباڵا دەچێتە لای غوڵامشاخانی والی شکات دەکات دەڵێت: پاشا کابرایەکی کورتەباڵا ستەمی زۆری لێکردووم حەقم بستێنە، ئەویش دەڵێت: کورەباڵا ستەمی لێناکرێت، کابراش دەڵێت پاشا، ئەوەی زۆری لێ کردووم لە من کورتترە! والی دەست دەکات بە پێکەنین و دادی ئەپرسێ! (ب٥، ل٩٨)

بونیادی تەنزی ڕشتە، بەهۆی وتنی وشەی کابرایەکی کورتەباڵا ستەمی لێکردووەم، لاواز بووە، چونکە، لە بەشی دووەمدا خوێنەر چاوەڕوانە، شتێک بوترێت، بەهۆی ئەو وتنەی سەرەتاوە، بەهای چاوەڕوانییەکە شکاوە.

**شێخ بەدرەدین ساحێب، ئەحەی کرنوو:** دوو ناوی تری ناو گێڕانەوەکانن، کە لە هەردوو بەرهەمەکەدا، کەسێتی ناو تەنزەکەن:

-شێخ بەدرەدین ساحێب، پیاوێکی دی لەگەڵ دوو کوڕی جوان دا، وتی: ناوت چییە؟ وتی: عبدالواحید(عەبدی یەکتا)، وتی لەوانە بگەڕێ چونکە من عبدالأثنینم {عەبدی هەر دووکیان}. (زاکانی، ٢٥٥)

-ئەحەی کرنوو جارێک دەچێتە کۆیە، سەیر دەکات پیاوێک دوو منداڵی جوانی لەگەڵدایە، بە پیاوە کە ئەڵێ ئەرێ برا توخوا ناوت چییە؟ ئەڵێ عەبدالواحید، ئەڵێ دەلاچۆ تۆ بە جێیان بێڵە من عەبدی هەردووکیانم! (ب٤، ٩٦)

هەندێک ناوی باوی وەک: (مەولانا قوتبەدین، مەولانا عیزەدین، مەولانا شەرەفەدین، ئەبوبەکری ڕەبانی، شێخ بەدرەدین ساحێب) کە هەر یەکەیان پێشناوی شێخ و مەولانایان پێوەیە، پشکی زۆری گێڕانەوەکانیان لە نامەی دلگوشادا دەکەوێتە سەر شان، بەڵام لە ڕشتەدا ئەمانە دەگۆڕێن بە ناوەکانی (مەلا ساڵحی گۆزەپانە، ئەحەی کرنوو، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، فایەق بێکەس) کە دیسانەوە کەسێتی ئەمانە لە زەینی خوێنەردا وێناکراو و ناسراوە بە خەسڵەتە تەنزی و پێکەنینهێنەرەکان. یاخود بەهۆی کەسێتی نەناسراوەوە، ڕووداوەکە دەگێڕنەوە، کە دیسانەوە ئەگەرچی کەسێتییەکە وەک تاک دیار نییە، بەڵام هەر پاشناوەکە دەبێتە هۆی وێناکراوی کەسێتییەکە، بۆ نموونە: مەلا، شێخ، واعیز، فەقێ... هەر یەکە لە مانە کارەکتەری دینی و پیرۆزن، کەسێتی پێشبینی کراون بۆ ئێمە، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکەوە دژایەتی دروست دەبێت و ئەوەش وا دەکات تەنزەکە دروست بێت. لەم بارەیەوە عەلائەدین سەجادی لە بەرگی یەکەمی ڕشتەدا دەڵێت: ((دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە لەناو کوردا مەلا دەستەیەکی دیار و ئاشکرا بوون، بەرەی خوێندەوارو زانیار هەر ئەوان بوون. لە هەموو وەختێکاو لە هەموو شوێنێکا بە پەنجە پەنجەیان بۆ ڕاکێشاون. ئەم دەستەیە لەناو مەردوما تا ئەوپەڕی، بە چاوی گەورەیی و ڕێز لێگیراوییەوە تەماشا کراون، لە ئیشی بچوک و زلدا پرس بەوان کراوەو ئەوان بڕیویانەتەوە. تەنانەت ناوی مەلا بەجۆرێک بەرز بۆتەوە ناوی هیچ چینێکی تر نەبووە بەرانبەری بە ناوی ئەوان بکا...وەکو چۆن لە ماڵێکا خێزان و ماڵ و منالی ئەو ماڵە هەر کامێکیان هەستن و هەر قسەیەک بکەن –بۆ ئەوە کە ئەو ئیشە کێشەی تێدا نەبێ- هەر ئەڵێن باوکم وای وت یا باوکم وتی- دیارە ئەم ڕستەیە نیشانە و بەڵگەیە بۆ گەورەیی باوکەکە لەبەر چاوی خێزانەکە- وتنی ناوی مەلایش لە بەرچاوی تێکڕای مەردومەکەوە ئەم سەمەرەیە بوە، بۆیە لە زۆر شوێنی سەرگوزەشت و قسەی کوردیدا وشەی "مەلا" پاڵەوانی سەرگوزشتەکەیە.)) (ب١، ل٧)
عەلائەدین سەجادی، بەشێکی ئەوەی بیستوویەتی یان بۆیان ناردووە یانیش وەریگرتووە، بە ناوی کەسێتییە دیارەکانی کوردییەوە کردووە، چونکە زیاتر بونیادی گێڕانەوەکە پتەودەکەن، بەتایبەت بۆ کەسانی کوردزمان کە ئاگاداری کلتورەکەی خۆیانن. لە گێڕانەوەی مەسیحی و جولەکەکەدا، ئەمە بەرچاودەکەوێت. گێڕانەوەکە بە دوو کەسێتی بەڕێوە دەچێت کە سەر بە ئاینی ئێمەی ناو گێڕانەکە نین، ئەوەش خودی خۆی ئامادەسازییە بۆ بابەتی تەنز، وەک چۆن بۆ زەردەشتی و ئێزیدیش هەیە.
-جولەکەیەک لە مەسیحییەکی پرسی: کێ لە موسا و عیسا گەورەترە؟ وتی: عیسا مردووەکانی زیندوو دەکردەوە و موسا پیاوێکی بدیایە لێی دەدا و دەمرد، عیسا لە بێشکەدا قسەی دەکرد و موسا لە چل ساڵیدا دەیوت: خودایا گرێی زمانم بکەوە تا خەڵکان لە قسەکانم بگەن. (زاکانی، ٢٥١).
گێڕانەوەکە لە ڕشتەدا وێڕای درێژییەکەی، بونیادی تەواوی لە شوێن و کات وکەسێتی و ڕووداو پێبەخشییەوە، تاوەکو تەنها مەبەست لە پێکەنین و نەبێت، بەڵکو لە پاڵیدا ڕەسەنی گێڕانەوەکەی نیشانبدات. کەسێتی جولەکەکە بە ناوی خواجە موشێ و هی گاورەکە بە ناوی ئاڵتون ئەفەندییەوەیە، کە دەبێتە لێگیرانیان و دەچن لای کاک ئەحمەد و گفتوگۆکەش لای ئەو ڕوودەدات، چونکە کاک ئەحمەدی شێخ جولەکە و گاورەکانی خۆشویستووە و ڕێزی لێگرتوون. ڕووداوەکە لە سلێمانی و لە سەردەمی ژیانی کاک ئەحمەد دا ڕوودەدات.(ب٤، ل٩٨)

**کەسێتی نەناسراو:** لە بونیادی گێڕانەوەکاندا، زۆرجار کەسێتییەکان نادیارن، ئەوەش ئەو کاتەیە کە جەخت لەسەر ڕووداوەکەیە، بۆیە ناوەکە گرنگ نییە، بەڵام هەندێک جار ئەگەرچی لەبەرتری بۆ ڕووداوەکەیە، بەڵام کەسیتییەکە بە ناوی شارەکەوە دەناسرێت، ئەوەش بەشێکی زانیاری تەنزئامێزە، بۆ نموونە لە گاڵتە و قسەی خۆشی باوی ناو ئێراندا زۆرێک لە ڕووداوەکان بە ناوی تورک و تەوریزی و ڕەشتییەوەن، لێرە بە ناوی گەرمیانی و هەولێرییەوەن. لە دلگوشادا ڕووداوەکان بە ناوی: (قەزوینییەک، ئەردەبیلییەک، تورکێک، عێراقییەک، شیرازییەک..) دەگێڕێتەوە زۆرینەی گێڕانەوەکانیش بە ناوی قەزوینییەوەن. لە گێڕانەوەکانی ڕشتەدا، پۆلێنبەندی نییە و زۆرێک لە گێڕانەوەکان کە نادیاریش بوون، ئەو داونییەتە پاڵ کۆیی، خۆشناوەتی، سەقزی، سابڵاخی، کەماڵەیی و جافەکان. لەگەڵیشدا شێوەزاری ئاخاوتنەکەی دیاریکردووە، لەم ڕووەوە وەک فەرهەنگێکی پڕ گێڕانەوەی شێوەزارە جیاکان دەردەکەوێت، کە ئەمە لە نامەی دلگوشادا نابینرێت.

## ٢. ڕووداو:

لە پاڵ کەسێتی دا، ئەوەی بونیادی گێڕانەوەکە پتەودەکات، ڕووداوە. ڕووداوەکانی نێو گێڕانەوەی تەنزئامێز، بەهۆی نائاساییبوون و ناباوی و دووربوون لە ڕەفتاری لۆجیکی و باوی کۆمەڵگاوە، دەبنە هۆی پێکەنین، بەرکەوتنی کەسێتی لەگەڵ ئەو ڕووداوەی کە ڕوودادەت، بەهۆی دژبوونی بە یاسا کۆمەڵایەتی و ئاینیی و مرۆڤایەتییەکان، تەنزەکە بونیاد دەنێت. ڕووداوەکان، بەهۆی تابوویانەوە دەبنە تەنز و بیسەر دەخەنە پێکەنین. فرۆید پێی وایە قسەی خۆش و نوکتە و گێڕانەوەی تەنزئامێز، دەتوانێت گرێ کپکراوەکان دووبارە بەئاگابێنێتەوە، پێی وایە خود(ئیگۆ) ئەوەی بەشێوەی تابوو لە مێشکدا سەرکوتکراوە، بەهۆی شێوەی گاڵتەجارییەوە شێوەی نوکتە و قسەی خۆش دووبارە ئازاد دەکات و هەڵچوونی دەروونی کەسەکە بەشێوەیەکی کاتی دادەمرکێنێتەوە، ئەمەش لە دوو ڕێگاوە دێتە دی، کۆکردنەوە دوو پەیامی دژیەک لەیەک پەیام دا، دووەمیان لادان لە یاسای زمانی.(اصلانی:١٣٨٥، ٢٠٨). لێرەوە ئەگەر بڕوانینە گێڕانەوەکان، بەهۆی باسەکانی تابووی سێکسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە ڕووداوەکان درووست بوون ئاماژەیان پێدەدەین. ئامانجیش لە نیشاندانی تابوو، تەنها دەرخستنی مەیلی کپراو و خستنە پێکەنین نییە، بەڵکو لە پاڵیدا بەشێوەی تەنز تابووەکە دەخرێتەڕوو، وەک ڕەخنەیەکی نیشاندەر نەک، داشۆرین چونکە: ((تەنزناشیرینییەکانی کەس یان کۆمەڵگا نیشاندەدات، بەڵام هاوشێوەی داشۆرین دەربڕینی ڕاستەوخۆی نییە، بە زۆری ناڕاستەوخۆ و تویکڵدار و گاڵتەپێکردن و خواستن کەموکوڕی کەس یان کارێک نیشاندەدات)) (محمد:١١٧٠،١٣٩٦)

### تابووی ئایینی:

بەشێکی تەنز، بەهۆی تابووەوە درووست دەبیت، بە تایبەت تابووی ئاینی، ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە لە بونیادنانیدا، چونکە کەسی تەنزنووس دەچێتە ناو چوارچێوەی پیرۆزییەوە و تێکی دەشکێنێت، خودی ئەم شکانە، ئەوانی تر سەرسام دەکات کە بوێری ئەوەیان نییە بەهۆی بڕوا یان ترسی سزا و تۆڵەی خوداییەوە تابووشکێن بن
-شیعەیەک چوو بۆ مزگەوت، ناوی سەحابەکانی دی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، ویستی تف لە ناوی ئەبوبەکر و عومەر بکات، بەر ناوی عەلی کەوت، زۆر توڕە بوو، وتی: تۆ لە پاڵ ئەواندا دادەنیشیت، سزاکەت ئەوە دەبێت. (زاکانی، ٢٦٥) هەمان ڕووداو، لە ڕشتەدا بە گێڕانەوەیەکی درێژتر هەیە، بە دیاریکردنی ناسنامە و شوێن : (کابرایەکی مەراغەیی شیعە، ڕێی دەکەوێتە سابڵاغ، دەچێتە مزگەوتی سوور..)(ب٤، ل٧٠)
-یەکێک دای بەلای گۆڕێکدا، زۆر درێژ بوو، پرسی: ئەمە گۆڕی کێیە؟ وتیان: ئەوە ئاڵاهەڵگەری پێغەمبەر بووە. وتی: بۆ بە ئاڵاکەوە ناشتوویانە؟ (زاکانی، ل٢٦٥). ئەم

گێڕانەوەیە، لە ڕشتەدا لە سنە یە و گۆڕەکەش، لە بری یەک دانە چەند گۆڕێکە.(ب٤، ل١٠٠)

—ئەعرابییەک دەچێت بۆ حەج، لە تەوافدا مێزەرەکەی دەدزن، وتی: خودایا یەک جار هاتم بۆماڵەکەت وتت مێزەرەکەی بدزن، ئەگەر جارێکی تر هاتمە ماڵت، بفەرموو تا هەموو دەمووددانم بشکێنن(زاکانی، ل٢٨). گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٤، ل٢٨).

—شێخ بەدرەدین ساحێب، پیاوێکی دی لەگەڵ دوو کوڕی جوان دا، وتی: ناوت چییە؟ وتی: عبدالواحید(عەبدی یەکتا)، وتی: لەوانە بگەڕێ چونکە من عبدالأثنینم (عەبدی هەر دووکیان). (زاکانی، ل٢٥٥) (ب٤، ٩٦).

—ناشرینێک لە ئاوێنەدا تەماشای خۆیی دەکرد و دەیوت: سوپاسی ئەو خودایەی کە منی بەو شێوە جوانە دروستکردووە. غوڵامەکەی وەستابوو و گوێی لێدەگرت، کە هاتەدەر کەسێک لە بەردەرگاوە هەواڵی خاوەنەکەیی پرسی. وتی: لە ماڵەوە دانیشتووە و خوا دەخاتە درۆوە. (زاکانی،٢٦٠) گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٤، ٩٩).

## تابووی سێکسی:

ئەو ڕووداوانەی بەهۆی تابووی سێکسییەوە دروست بوون، ڕێژەی تەنزیان زۆرترە لە چاو هەریەک لە ڕووداوەکانی تردا، چونکە خودی باسی سێکس بە شێوە ئاسایی و باوە سرووشتییەی تابوویە و باسکردنی ڕوهەڵماڵراوانەیە، بەڵام لەم گێڕانەوەدا لەوەش زیاترە، باس لە لادانی سێکسی دەکات، بەهۆی نابەرامبەری، جیاوازی تەمەن، یان هاوڕەگەزبازییەوە، تەنزەکە زۆر تر دەبێت، ئەمەش تابوو لە ناو تابوودایە. ((زۆر جار باسکردنی شتێک یان ڕووداوێک بە ئاشکرا و بێ پەردە پێکەنین درووست دەکات، بۆ نموونە باسکردنی بابەتی پەیوەندی بە سێکسەوە لە ناو ئەو کۆمەڵانەدا کە کەبتی سێکسیان هەیە دەبێتە مایەی پێکەنین، واتە باسکردن و ئاماژەدان بە بابەتێک کە لە ڕووی ڕەوشتییەوە باسکردنی قەدەغەیە، یان دەبێتە مایەی شەرم دروستکردن..)) (حسێن:٢٠١٢، ٢٣٢). ئەم جۆرەی تابوو لە نێو ڕووداو دا، دەشێت بە شێوەی زارەکی و کارەکی بێت، لێرەدا نمونەکان دەخەینەڕوو.

## تابووی زارەکی:

ئەم جۆرەی تابوو بە ناوهێنان و توانج و پلاری زمانیی، زۆر جار وەها دەکەوێتەوە لادان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی سێکسی سرووشتی هەیە و بەڵام بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراوە تەنز دروست دەبێت، بۆ نموونە:

-پیاوێک لە ڕێگادا تەماشای ژنێکی جوانی دەکرد، ژنەکە وتی تەماشا مەکە، ک..ی تۆ هەڵدەستێ و یەکێکی تر کاری خۆیی لەگەڵ دەکات(زاکانی، ل٢٥٥). گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٥، ٩٩).

-لە پیرەژنێکیان پرسی، حەزت لە دێبەکە بتدەنێ یان ک..ێک؟ وتی: من ناتوانم لەگەڵ لادێیا هەڵسوکەوت کەم.(زاکانی، ل٢٦٤)، ڕشتە: (ب٥، ٩٨).

-کابرایەک لەو دەشتە تاڵە، ڕۆژێک زەردەواڵە دابووی بە دەعباکەیەوە ئاوسا بوو، هاتەوە بۆ ماڵەوە بە ژنەکەی خۆی وت: ــدەستیشی گرتبوو بەدەعباکەیەوە- ئافرەت ئەمەیان لە بازاڕ ئەفرۆشت ئەیاندا بە هێنەکەی خۆم و سەد قرانیش، ڕووی نەبوونی ڕەش بێت نەبوو بیکڕم، هەروا وەرم گرت و هێنامەوە، وتم تۆ چاوت پێی بکەوێت بزانی چۆنە، ئەگەر باشە بەڵکو قەرزوفەرزێکی بۆ بکەین و جێبەجێ کەین! ئافرەت وتی: جا پیاوەکە ئەیەڕۆ قەرزوفەرزی بۆ چییە؟. ئەوە خشڵەکانی من هەیە بایی دوسەد قرانیش ئەبێت بچۆ بیدە بە خاوەنەکەی و وەرەوە، تازە عەیبە چۆن پێی ئەدەیتەوە؟.! پیاوە، پیرە خشڵی وەرگرت و لەپاش سێ چوار ڕۆژ، ئاوسایەکی نیشتەوەو دەعبا وەکو خۆی لێهاتەوە. ڕۆژێک بە هەڵەداوان هاتەوەو کردی بە ژوورا وتی: ئافرەت! هەر خوا ڕەحمی پێی کردم. وتی: چی بووە؟ وتی: ئەو ک..رە کە هێنابوومەوە دزێتی دەرچوو. گرتمیان و بردمیان بۆ لای قازی. بە هەزار دەست ماچکردن و ئەملاوئەولا سەد قرانم داو ک..رەکەم پێی دانەوە، ئەوانیش ک...رە کۆنەکەی خۆمیان پێی دامەوە! هەر باش بوو ڕزگارم بوو لە دەستیان. ژنە وتی: من خۆم هەر ڕۆژی هەوەڵ ئەمزانی ئەوە دزێتیە ئەگینا چۆن بەو جۆرە بە هەزران ئەیاندا! (ب٦، ١٣) هەروەها (ب٤، ١٢). (زاکانی، ٢٨٧).

## تابووی کارەکی:

تابووی کارەکی بەهۆی کردەی سێکسەوە دەبێت، لە باری ئاسایی لای دابێت، زۆر جار باسی سێکس لەگەڵ منداڵ، سێکس لەگەڵ ئاژەڵ بە تایبەت کەر، سێکس لەگەڵ پیر، یان نێربازییە، ئەمانەش هەموویان بە لادانی سێکسی دادەنرێن و خودی لادانەکە، تەنزەکە دروست دەکات، جگە لەوەی ئامانجی نوسەر لە ڕەخنەگرتن لەو بارە نەشیاوە دەپێکێت. چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

-دەگێڕنەوە پیاوێک ڕۆژی هەینی ماکەرێکی دە.. و کەرەکە بایی لێ دەبووەوە و پیرەکە شوکرانەی دەکرد، وتیان چۆن بۆ شوکر دەکەیت. وتی: ئایا بەو ئەندامەوە کە لە نەوەدساڵیدا ماکەر بخاتە باڵیبوونەوەوە، جێگەی شوکرانەبژێری نییە؟ (زاکانی، ٢٥٦). گێڕانەوەی ڕشتە بە ناوی عەزیز بەگەوەیە لە کانی ماسی: (ب٨، ٩٢)

-پیاوێک دوو درهەمی دا بە کوڕێکی نەوجەوان، ویستی ئەوەی لەگەڵ بکات، وتی: تێی مەخە و بیخە نێو ڕانمەوە، وتی: ئەگەر ناو ڕانم بەس بووایە، دوو درهەمم بۆ دەدا بە تۆ، پەنجا ساڵە کێ...م لە نێو ڕانمدایە (زاکانی، ٢٥٤). گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٨، ل٧٠).

-یەکێک پیرێژنێکی لە زستاندا دەگ...، لە ناکاو دەری هێنا. ژنەکە وتی چی دەکەیت؟ وتی: دەمەوێت بزانم ناو کو.. تۆ ساردترە یان دەرەوە. (زاکانی، ٢٧٥)، گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٥، ١٣٧)

## تێکەڵبوونی تابووی ئاینی و سێکسی:

ئەم جۆرەی ڕووداو، بەهۆی ئاوێتەکردنی تابووی ئاینی و سێکسییەوە بونیاد دەنرێت، لە لایەکەوە شوێنە پیرۆزە ئاینییەکان و کەسایەتییەکان دەخاتە نێو ڕووداوەکەوە، لە لایەکی ترەوە ڕووداوەکە، ئاسایی نییەو لادانی سێکسییە، بۆیە ئەم جۆرە تەنزە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا گوێگری زۆرترە بەهۆی دووجار تابووبوونییەوە، نموونەیەک نیشاندەدەین:

-مەولانا قوتبەدین لە حوجرەی مزگەوتێکدا، یەکێکی دە...، لە ناکاو یەکێک دەستی دایە دەرگای حوجرەکە و کرایەوە، مەولانا وتی چیت دەوێت؟ وتی: هیچ! جێیەکم دەوێت دوو ڕکات نوێژی تیا بکەم، وتی: کوێری نابینیت ئێمە لێرە لەبەر تەسکی جێ دوو دوو سواری یەک بووین. (زاکانی، ٢٩٥). گێڕانەوەی ڕشتە بە ناوی مەلا سەعیدی ئیبن عەباسەوەیە لە شاری سەقز: (ب٦، ٢٩٥).

-کوڕی خەتیبی دێیەک، بەیانییەک تەماشای کرد باوکی لە ئاستانەکەیاندا، کەرێک وا لێدەکات، تێگەیشت باوکی هەموو ڕۆژێک، ئەمە کاریێتی. ڕۆژی جومعە باوکی لەسەر مینبەرەوە وتاری دەدا، کوڕەکەی چووە بەردەرگای مزگەوت و وتی: باوکە کەرەکە ئەگێی، یان بیبەم بیلەوەڕێنم؟ (زاکانی، ٢٦٦). گێڕانەوەی ڕشتە زیادەڕۆیی تا ئەو ئاستە تێداکردووە کە مەلای مزگەوتی زێویەی پیرەمەگروون بووە: (ب٨، ٧٠).

ئەم جۆرەی تابوو، لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا زۆرتر دەبێت بە تەنز، چونکە خودی کردەکە دەگمەنە و بڵاونییە لە چاو کولتووری ئێرانی کۆندا، بۆیە زۆرینەی ئەم جۆرە تابوویەی کە عەلائەدین سەجادی لە ڕشتەی مرواریییەوە وەریگرتوون، تەنها وەک گێڕانەوە دەمێنێتەوە و بەڵگەی مێژوویی لەو بارەیەوە نییە، لە کاتێکدا لە مێژووی دەیان سەدەی ئێراندا بابەتی بەزمی تەماشا و ئەویینداری پیاوان و غوڵامداری باوبووە و ڕەنگدانەوەی تەواوی لە پەخشان و شیعری قۆناغە جیاکانی وەک: سەردەمی سامانییەکان، غەزنەویەکان، سلجوقییەکان، قاجارییەکان. سیرویس شەمیسا گەڕان بە نێو دەقەکانی ئەدەبی فارسیدا بۆ ڕوونبوونەوەی بابەتەکە بە گرنگ دەزانێت و پێی وایە لە ڕێگەی ئەم بەرهەمانەوە دەتوانرێت ڕووی کۆمەڵناسی کۆمەڵگای ئێران بزانرێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بە مێژووی دوورەوە نییە و(تا چەندێک لەمەوبەر لە شارەکانی ئێراندا بەزمی تەماشا باوی بووە) جگە لەوەی ئەمە تەنها بە بە بەزمی تەماشاوە نەوەستاوە، بەڵکو ((لە سەردەمی سەفەوییەکاندا لە هەندێک لە شارەکاندا نەوجەوانخانە باوی بوو، بە شێوەی فەرمی و مۆڵەتنامەدار کاریان دەکرد و سەرچاوەی ئابووری بوون بۆ حوکمەت)) (شمیسا،١٣٨١، ١١).

### ٣. دیالۆگ:

بەهای دیالۆگ لە چنینی ئەم جۆرە گێڕانەوانەدا، بە زۆری لە وەڵامی بێ وەڵام، یان وەڵامی وەڵام بڕدایە. لە گێڕانەوەکاندا بەهۆی پرسیار و وەڵام، یان گفتوگۆی دوولایەنەوە، ڕەوتی گێڕانەوە تەنزییەکە دەڕوات بەڕێوە، بەڵام سەرەکیترین جۆری گفتوگۆ، وەڵامبڕی یان حازر جوابییە (Repartee) سیرویس شەمیسا لە بارەی ئەدەبی فارسییەوە ڕای وایە یەکێک لە بەشەکانی تەنز و گاڵتە، حازر وەڵامییە. شێتە ژیرەکان و باڵولەکان و کەسانی بیرمەند، لە وەڵامی پادشایان و گەورەکاندا بە حازرجوابی خۆیان یان سزا دەدران یان خۆیان و ئەوانی تریان لە مەرگ پێ ڕزگار دەکرد. (شمیسا:١٣٩٤، ٢٤١)، نموونەکان:

-پیاوێک بە ژنێکی وت: دەمەوێت تامت کەم، تابزانم تۆ شیرنتری یان ژنەکەم؟ وتی: ئەو پرسیار لە مێردەکەم بکە، کە من و ژنەکەشتی چێشتووە. (زاکانی، ٢٥٦)

گێڕانەوەی ڕشتە بە ناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە، زۆرێک لە حازرجوابییەکان چ خۆی چ کەسی تر، لە گێڕانەوەی ئەمدا تۆمار کراوە:

شێخ ڕەزا جارێک توشی ژنێک دەبێت لە سلێمانی زۆر بە لەنجە و نازەوە ئەڕوات، پێی ئەڵێت: ئا بووکێ وەرە تۆزێ پێکەوە بنووین، بزانم تۆ خۆشتری یان ژنەکەی من؟ ژنە بە بێ پشوو دەڵێت: یا شێخ ئەمەی پێ ناوێ ئەم پرسیارە لە مێردەکەم بکە، ئەو لەگەڵ منیش نووستوە و لەگەڵ ژنەکەی تۆش نووستووە! شێخ ئەڵێ خوا بتگرێ خەڵکی سولەیمانی. (ب٥، ل٩٩).

نموونەیەکی تر:

-لە ئەبی حارسیان پرسی: پیاوی هەشتا ساڵە، منداڵی دەبێت؟ وتی بەڵێ: ئەگەر گەنجێکی بیست ساڵ دراوسێی بێت(زاکانی، ٢٥٨). گێڕانەوەی ڕشتە وەهایە: لە خلەی پیرەویس دەپرسن: مامە خلە ئەبێ یەکێک عومری نەوەد ساڵ بێت و منداڵی بێ؟ ئەڵێ: بەڵێ ئەگەر دراوسێی بیست ساڵانی هەبێت! (ب٤، ل٢٥٥)

نموونەیەک کە لە ڕشتەدا هەیە و لە دلگوشا نییە، حازرجوابییەکی بەهۆی خوازەی زمانییەوە درووست بووە و ڕەسەنییەتی کوردانەی پێوە دیارە:

-کاروانێکی دەڵۆیی لەو گەرمیانە دەچن بەسەر سەید فەتاحی جەباریدا، کاروانەکە نۆ کەس دەبن، ئەڵێت سەید ئەمشەو بە نان و دان و گانەوە میوانتانین! ئەویش دەڵێت: نان هەیە، دان هەیە، بۆ ئەوی تریش ئافرەتێکی دەڵۆییان لە ماڵایە، نۆ لۆی بۆ ئێوە و لۆیەکی بۆ من ! (ب٥، ل٥٩).

هەندێک جار نموونەکانی ناو ڕشتە، بە دارشتنەوەی وردەوەن، ئەمەش بە دوو باردا دەکەوێتەوە، هەندێک جار بەهۆی وردی و درێژییەکەیەوە تەنزەکە دەرەوێتەوە، بەڵام لە هەندێک نموونەشدا تەنزەکە زیاتر دەردەکەوێت. نموونەی گێڕانەوەیەکی ناو هەردوو کتێبەکە نیشان دەدەین:

مەولانا قوتبەدین بە ڕێیەکا دەڕۆیشت، شێخ سەعدی بینی کە میزی کردبوو و شتەکەیی دەساوی بە دیواردا تا پاک بێتەوە، وتی: یا شێخ بۆ دیواری خەڵکی کون ئەکەیت؟ قوتبەدین وتی: خەمت نەبێت بەو سەختییەش نییە کە تۆ دیوتە.(زاکانی،٢٦٧).

بەهۆی دوو لایەنی دەربڕینی بەو سەختیەش نییە کە تۆ دیوتە، تەنزەکە خوێنەری وریا نەبێت زۆر درکی ناکات، بەڵام عەلائەدین سەجادی بۆ خوێنەری گشتی نووسیوەتەوە بۆیە بەیەک دەربڕین کە تابوویە، ڕاستەوخۆ پێکاوێتی. لە کۆتاییەکەیدا دەنووسێت: ئەویش دەڵێت: وەستا گروون بەو سەختی و ڕەپییە نەماوە کە تۆ چاوت پێ کەوتبوو! (ب٨، ٧٣). تەنزەکەشی بێ لەوەی حازر جوابییە، بە مانای هاوڕەگەز بازی سەردەمی زووی هەردووکیان دێت.

### ٤. ناوەڕۆک:

ناوەڕۆک و تێیا، بە زۆری ناشیرینییەکانی کۆمەڵگا و پیاوانی ئاینی و کردەی سێکس و لادانەکانن، لە بەشی ڕوداودا لێی دواوین، بەڵام جگە لەو ناوەڕۆکانە، ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی تەنزەکە دروست دەکات، بە هۆی گەمژەیی، ناحاڵێتی، کەمتەرخەمی، خوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە، ((تەنزنووسیش وەک واعزێ دەیەوێت ئەوانی تر سەبارەت بە کارێک هانبدات و بڕوایان پێبێت، بەڵام پێگەی ئەو لەبەرامبەر بیسەرەکانیدا گرانتر و وردترە لە باری واعیزان. واعیز بە مەبەست دەیەوێت تەقوا بە بیسەرەکانی پەسەند بکات، بەڵام تەنزنووس دەبێت خوێنەرەکانی هاوڕای خۆی بکات، لە بارەی ئەو ڕەفتارو ئینسانانەوەی کە ئەو بە خراپیان دەزانێت)) (پلارد:١٣٨٦، ٥). ئەم جۆرە ناوەڕۆکە لە زۆر بەشی تری ئەدەبی میللی و فۆلکۆری کوردیدا بەرچاودەکەوێت، بە نموونەی پەند و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ، ئەمانە خۆیان لە گەلێک لایەندا دەبیننەوە، ڕەخنەیەکی توندوتیژ لە کاروکردەوەی خراپی تاک و کۆمەڵ، مرۆڤی سادە و خاوەن پلەوپایەی نێو کۆمەڵگا بە شێوەی کۆمێدی گاڵتەئامێز دەگرن بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو جۆرە کردارانە.(ئەلۆەنی، ٢٠٠٧، ٧٠)

هەندێک نموونە:

- ❖ دەمزلێک(دەمبۆگەنێک)، بە سرتە لەگەڵ کەرێکدا قسەی دەکرد، کەرەکە وتی: ئەوەی وتت هیچی لێ تێنەگەشتم ئەوە نەبێت کە ئەتسی بە گوێما (زاکانی، ٢٦٠)، گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٤، ٢٦).
- ❖ پیرێک چووە لای تەبیبێک، سێ ژنم و هەیە و هەمیشە گورچیلە و میزەڵان و کەمەرم دێشێت. چی بخۆم بۆ ئەوەی باش بم؟ وتی: گیراوەی نۆ تەڵاق! (زاکانی، ل٢٦٧)، گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٤، ١٠٠)
- ❖ کەسێک ماستی خواردبوو، کەمێک چوو بوو لە ڕیشییەوە، یەکێک لێی پرسی چیت خواردووە؟ وتی: کۆتر وتی: ڕاستەکەیت جیقنەکەی بە دەروازەی بورجەکەوە دیارە. (زاکانی،٢٩٦)، گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٨، ل٦٦).
- ❖ قەزوینییەک چووە لای تەبیب و وتی: مووی ڕیشم دێشیت، پرسی چیت خواردوە؟ وتی نان و سەهۆڵ. وتی: خوا بتکوژێت نە دەردت لە دەردی ئینسان دەچێت نە خواردنیشت. (زاکانی، ٣٠٣)، گێڕانەوەی ڕشتە: (ب٤، ٧٩).
- ❖ کوڕێک هەبوو لەو سەرە، لەگەڵ دەستەیەکی ڕەفیقیدا جارێک خەریکی شەراب خواردنەوەو کاغەزبازی بوون، خەبەریان بۆ هێنا وتیان باوکت مرد، وتی: هەمووکەس ئەمرێت. وتیان کەوتۆتە ناو بیری حەوشەکەتانەوە ترنجاوەتە ناویەوە دەرناچێت. وتی: ئەو بیرەی ماڵی ئێمە خۆم ئەیزانم شێریش بکەوێتە ناویەوە تیایا ئەترجێ ئەمرێ، ئێستە ئەو چۆن تیایا نامرێ؟! دەستیشی هەر بەکاغەزەکانەوەیەو کاغەز فرێ ئەدا، دڵی نایە کۆڕەکە بەجێ بێڵێ! وتیان: بچۆ دەریکە. وتی: وەختی خۆی من نەمئەتوانی لە شوێنی خۆی بیجوڵێنم ئێستە چۆن ئەتوانم کە ترنجاوەتە ئەو بیرەوە دەریکەم. وتیان: باشە ئێمە دەربدەکەین لە بیرەکە، بەڵام لەگەڵمان وەرە با بچین کفنودفنی کەین و بینێژین. وتی: مردووشۆر هەیە، خۆ من نایشۆم، بچن بیهێنن ئەو ئەیشوا، ئەگەر زێڕو زیویش بێت من بڕوا بە ئێوە ئەکەم بچن بینێژن! منی ناوێ. (ب٨، ل٧٢) (زاکانی، ٣٠٢).

## ئەنجام

ڕشتەی مرواری ئەگەرچی بە کاریگەری هەر یەک لە کتێبەدیارەکانی بواری گێڕانەوەی تەنزئامێز نووسراوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی ڕیسالەی دلگوشای عوبەید زاکانی لەسەر دیارە، بەڵام عەلائەدین سەجادی بە چەندین جۆری جیاواز مامەڵەی لەگەڵ گێڕانەوەکاندا کردووە ومۆرکێکی کوردی پێبەخشیون و بەشێوەکانی: (وەرگرتن، گۆڕین، وەرگێڕان، چاولێکەری) کاریکردووە، جگە لەوەی دەیان گێڕانەوەی ڕەسەنی بەسەرهاتی ناو کوردانی تێدایە کە بەسەر کەسایەتییە هەبوو و دیارەکانی ناو کورد دا هاتوون. بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێز لە هەردوو کتێبەکەدا بەهۆی (کەسێتی، ڕووداو، دیالۆگ، ناوەڕۆک)ەوە درووست بووە و بنەمای سەرەکیش لە پێکهێنانی تەنزدا بابەتە تابووەکانە، بە تایبەت تابووی ئایینی و تابووی سێکسی. هەردوو نوسەر بە پێی هەلکەوتەی کۆمەڵگاکانیان لێهاتووانە گەمەیان بە زاراوە تابووەکان کردووە و لە زۆر شوێندا بە بەکارهێنانی زمانی بێ پەردە، گێڕانەوە تابووشکێنییەکانیان نیشان داوە.

نەوەدویەک حیکایەتی لێکچوو لە هەردوو نامەی دلگوشا و ڕشتەی مرواری هەیە، کە سەر بە هەردوو جۆری دەقاودەق و گۆڕاون.

## چکیده

رشته مرواری، یکی از اثار ارزشمند علادین سجادی نویسنده کرد است که در هشت برگ کتاب ونتشر شده است است میان سالهای (١٩٥٧-١٩٨٣)م. رساله دلگشا اثار نفیس شاعر و طنزپرداز ایران است، که با زبان تندو گزنده، نظر خود را در مورد اجتاع و فرهنگ و سیاست دوران حیاتش نمایش داده است. این حکایات از منابع پیشین خود در ادبیات فارسی و عربی تأثیر گرفته است، همچنان حکایتهای رشته مروارید به شدت تحت تاثیر رساله دلگشا است، اما باید این نکته را ذکر نمود، که حیکایتهای برگفته از دلگشا تنها رونویسی و برگرفتن نیستند بلکه از مضمون فرهنگ و زبان کردی برخوردارند و تشکیلی از حکایتهای دلگشا و زندگی کردها می باشد. در این مقاله همچنین ساختار روایی طنز حکاتها را، بررسی نمودهایم و عناصر ( شخصیت، رویداد، دیالوگ، درونمایه) را ساختار اصلی حیکایتها دانستهایم، همچنان ساختار طنز را موضوع های تابو را پنداشتهایم.

## سەرچاوەکان

### زمانی کوردی

ئەحمەد، گۆران عەبدوڵا، ٢٠١٥، تەنزەئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا- باشوری کوردستان بە نموونەی گۆڤارەکانی (سیخوڕمە، مەلا مەشهورە، گەپ)، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی.

ئەڵوەنی، نەجم، ٢٠٠٧، زنجیرە کتێبی کەلەپووری، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر.

پیرەمێرد،١٩٧٠، گاڵتەوگەپی پیرەمێرد، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

حسین، جەبار ئەحمەد، ٢٠١٢. بینای ساتیرا لە کورتەچیرۆکی کوردیدا (کوردستانی عیراق ١٩٧٠-١٩٩٠)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ١٤٠، هەولێر.

خاڵ، شێخ محەممەد، ٢٠٠٧، لە سەرگوزەشتەکانی ژیان، پرۆژەی تیشک نجیرە ١٤، سلێمانی.

خەزنەدار، مارف، ٢٠٠٦، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوت، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

ڕەسول، عیزەدین مستەفا، ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دارلجاحز، بەغداد.

سەجادی، عەلائەدین، ٢٠١٥، ڕشتەی مرواری، چاپخانەی پەنجەرە، (دەورەی هەشت بەرگی)

شڵماشی، محەممەد، ٢٠٠٠، خەرمان لۆغە، سوید.

کەریم، تۆفیق، ٢٠١٦، کاریگەری ئیسلام لەسەر کلتوری کورد(ئەدەبی گاڵتەوگەپ)، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی هزری و ڕۆشنبیریی خاڵ، چاپی یەکەم .

### زمانی فارسی:

اتابکی، پرویز، (سال؟)، کلیات عبید زاکانی، انتشار کتابفروشی زوار، تهران- شاه اباد.

اسکولز، رابرت١٣٨٣، درامدی بر ساختارگرایی در ادبیات، ت. فرزانه طاهری، موسسه انتشارات نگاه، چاپ دوم.

اشتیانی، عباس اقبال ١٣٨٤، کلیات عبید زاکانی، موسسه چاپ و انتشارات پیک فرهنگ، چاپ دوم.

اصلانی، محمد رضا، ١٣٨٥ فرهنگ واژگان و اصطلاحات طنز، انتشارات کاروان، چاپ اول.

امیدسالار، محمود،١٣٦٦، ملاحظاتی درباره لطائف عبید زاکانی در رساله زاکانی، ایران نامه، شماره ٢٢.

پلارد، ارتور طنز، ١٣٨٦، ت.سعید سعیدپور، نشر مرکز، چاپ چهارم.

داد، سیما 1385، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم ، انتشارات مروارید، تهران.

سبزیات پور، وحید: ١٣٩٢، حدیث دارابی، سرچشمه حکایات عبید زاکانی در رساله زاکانی، فصلنامه اجبیات داستانی، دانشکه ادبیات علوم انسانی دانشگاه رازی کرمانشاه، سال اول، شماره ٣.

شریفی، محمد ١٣٩٦، فرهنگ ادبیات فارسی، فرهنگ نشر نو، تهران.
شمیسا، سرویس ١٣٨١، شاهدبازی در ادبیات فارسی، انتشارات فیردوس، تهران.
شمیسا، سرویس١٣٩٤ ، انواع ادبی، چاپ چنجم، نشر میترا، بهار.
محجوب، محمد جعفر،1373 بررسی اثار عبید زاکانی(٢) ارزیابی لطایف عبید، ایران شناسی سال ششم، شماره 24.
میرصادیقی، جمال –میمنت میرصادق ١٣٨٨، واژەنامه هنر داستان نویسی، کتاب مهنار، چاپ دوم.

**زمانی عەرەبی:**

فتحی، ابراهیم: 1986، معجم المصطلحات الأدبية، التعاضدية العالمية للطباعه و النشر، التونس.